Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Jimar: 2 Nîsan 2020

International Journal of Kurdiname
Issue: 2 April 2020

eISSN-2687-5438 Research Article – Gotara Lêkolînê

# میتۆدە نوێیەکانی فێرکردنی زمانی دووەم و کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی

# MÊTODÊN NÛYÊN HÎNKIRINA ZIMANÊ DUYEM Û KARÎGERÎYA WAN LI SER ZIMANÊ KURDÎ

# THE NEW METHODS OF SECOND LANGUAGE TEACHING AND THEIR INFLUENCE ON KURDISH LANGUAGE

Hewa Salam KHALID [1]

## پوختە

بەهۆی بیرۆکە نوێیەکانی چۆمسکی و کاریگەریی زانستەکانی دیکە لەسەر فێرکردنی زمان، بە تایبەت دەرونزانی، لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە کۆمەڵێک میتۆدی نوێ بۆ فێرکردنی زمانی دووەم دەرکەوتن. ئەو میتۆدانە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی گرنگن. کە گرنگترینیان ئەمانەن؛ میتۆدی ژینگەی لەبار، میتۆدی کاردانەوە فیزیکییەکان، میتۆدی بێدەنگ، میتۆدی فێربون بە کۆمەڵ و میتۆدی پەیوەندیی کارا. لە ناو هەمو ئەو ئەمانەشدا، میتۆدی پەیوەندیی کارا بۆ فێرکردنی زمانی دووەم ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاری بۆ تێگەیشتن لە هەر یەک لەم میتۆدانە و ڕۆڵیان لە فێرکردنی زمانی دووەمدا بەکار هاتووە. لەم ڕێگەیەوە، شێوازی کارکردنی هەر یەک لە میتۆدەکان شی کراوەتەوە و لایەنە بەهێز و لاوازەکانیان خراونەتە ڕو. لەگەڵ خستنە ڕوی میتۆدەکان هەندێک لەو پەرتوک و سەرچاوانەی، کە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی نوسراون، ئاماژەیان پێ کراوە. لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر مامۆستایانی کورد و پرۆسەی فێرکردنی زمانی کوردی دەبێت.

**کلیلە وشەکان:** فێرکردنی زمانی دووەم، فێرکردنی زمانی کوردی، میتۆدی ژینگەی لەبار، میتۆدی کاردانەوە فیزیکییەکان، میتۆدی بێدەنگ، میتۆدی فێربون بە کۆمەڵ، میتۆدی پەیوەندیی کارا.

---

[1] PhD in Kurdish language and culture, Lecturer, Kurdish language department, Koya University, Kurdistan Region - Iraq

## Kurte

Bi bandora bîrokeyên nû yên Çomiskî û karîgeriya zansitên din li ser zimên, bi taybetî derûnnasîyê, piştî cenga duyema cîhanê komek mêtodên nû derketin. Ev mêtod ji bo hînkirina zimanê Kurdî giring in. Ji wan yên herî giring ev in: mêtoda jîngeya lebar, mêtoda karvedanên fîzîkî, mêtoda bêdeng, mêtoda fêrbûna bi kom, mêtoda peywendiya kara. Di nav van hemû mêtodan jî, di serdema îro de, mêtoda peywendiya kara rola sereke dilîze. Di vê vekolînê de, rêbaza wesfî û şîkarî ji bo vekolînê hatiye bikarînan û aliyên bihêz û lawaz ên mêtodan hatine şirovekirin. Di gel gengeşekirina mêtodan hin çavkaniyên hînkirina Kurdî jî hatine nîşandan. Vekolînên bi vî rengî bandora restewxwe li ser mamostayên Kurd û prosesa hînkirina zimanê Kurdî çê dikin.

**Kilîle peyv:** hînkirina zimanê duyem, hînkirina zimanê Kurdî, mêtoda jîngeya lebar, mêtoda karvedanên fîzîkî, mêtoda bêdeng, mêtoda fêrbûnê bi kom, mêtoda peywendiyê kara.

## Abstract

Due to the Chomsky’s new ideas and the impact of the other disciplines on language, in particular psychology, some new methods for second language teaching have been developed since the Second World War. Those methods are crucial for Kurdish language. The most important new methods are; Suggestopedia, Total Physical Response, The Silent Way, Community Language Learning and Communicative Language Teaching Method. However, the last one has played a leading role. In this study, the descriptive research method is in use to analyze and clarify the language teaching methods. The features of each method have been analyzed, the strong and weak points are shown, and some Kurdish materials have been categorized according to their features. This kind of study would have a direct implication on Kurdish language teachers and Kurdish language teaching process.

**Keywords**: Second Language Teaching, Kurdish Language Teaching, Suggestopedia, Total Physical response, The Silent Way, Community Language Learning, Communicative Language Teaching Method.

## پێشەکی

بەگشتی لە سەردەمی دوای جەنگی جیهانیی دووەم و بوژانەوەی ئەوروپادا، گرنگیدان بە لایەنە دەرونییەکانی مرۆڤ بەرەو هەڵکشان چو. ئەوروپییەکان هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی تاکی ئەوروپی بە شێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکەنەوە. ئەمە تەنیا تایبەت نەبو بە ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش مۆرکێکی لەم جۆرەی پێوە دیارە. بۆ نمونە، سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتی ژاپۆن جەنگی دۆڕاند و شکستی هێنا، بەڵام ئەوان تاکی ژاپۆنییان بە جۆرێکی دیکە بونیاد نایەوە و توانییان لە سەردەمی نوێدا برینی دۆڕاندنی جەنگ بە پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆژی پڕ بکەنەوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە، کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم بووە هۆکاری چەندین گۆڕانکاری لە سەرتاسەری جیهاندا. هەمو ئەم گۆڕانە نوێیانە، هاوشێوەی زۆر بواری دیکە، کاریگەریی ئەرێنیشیان لەسەر فێرکردنی زمانی دووەم جێ هێشت و کۆمەڵێک میتۆد و ڕێبازی نوێ بۆ فێرکردنی زمان دەرکەوتن. لە زمانەوانیی نوێدا ناوی چۆمسکی زۆر دەهێندرێت. بێگومان چۆمسکی لە دەرکەوتنی میتۆدە نوێیەکانی فێرکردنی زمانی دووەمیش ڕۆڵی هەبووە. دوای ڕەخنە بنەڕەتییەکانی چۆمسکی لە میتۆدی بیستن–گوتن، کۆمەڵێک میتۆد دەرکەوتن، بۆ نمونە میتۆدی فێربون بە کۆمەڵ کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو زمانەوانانەوە. هەروەها، بوارە جیاوازەکانی دەرەوەی زمان و بە تایبەت دەرونزانی ڕۆڵی گرنگیان لە پێشخستنی ئەم بوارەدا گێڕاوە. بۆ نمونە میتۆدی ژینگەی لەبار لەسەر بنەمای کاریگەرییە دەرونزانییەکان لەسەر مێشکی مرۆڤ پێش کەوت. ئەمە جگە لەوەی زانستە

ڕوتەکانیش بێ بەش نەبون لە کاریگەرییان لەسەر ئەم بوارە، کە لە چوارچێوەی میتۆدەکاندا باسیان دەکەین. بەگشتی و لە کۆی میتۆدە نوێیەکاندا جەختی زۆر لەسەر چالاکییەکانی خوێندکار و کەمکردنەوەی ڕۆڵی مامۆستایە. چونکە خوێندنی مۆدێرن خۆی لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی ڕۆڵی ناوەندییێتی مامۆستا دامەزراوە.

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن: ئایا گرنگترین میتۆدە نوێیەکان کامانەن؟ بۆچی میتۆدی پەیوەندیی کارا زیاتر لە ئەوانی دیکە جێگای خۆی گرتووە و تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە چین؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو لایەنە تاریکانەی کە بۆ توێژەری کورد گرنگن و شایەنی زانینن. هەروەها، دەبێتە دەرچەیەک بۆ تێگەیشتن لە میتۆدە نوێیەکان. میتۆدە تەقلیدییەکان لە توێژینەوەی پێشتردا خراونەتە ڕو و شیکردنەوە بۆ ئەو مەنهەجە کوردییانە کراوە کە بە میتۆدە تەقلیدییەکان نوسراون، کە زۆرینەی مەنهەجەکان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی دەگرێتەوە. هەر بۆیە تیشکی ئەم توێژینەوەیە لەسەر میتۆدە نوێیەکانە و شیکردنەوەیانە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە میتۆدە نوێیەکان لە ناو کورددا کاریگەریی ئەوتۆیان نەبووە و تەنیا لەم دواییانەدا چەند مەنهەجێک بە پشت بەستن بە میتۆدی پەیوەندیی کارا نوسراون. بۆ تیشکخستنە سەر ئەم بووارە؛ تەوەری یەکەممان تایبەت کردووە بە گرنگترین میتۆدەکانی فێرکردنی زمانی دووەم کە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەرکەوتن، لە نمونەی میتۆدی ژینگەی لەبار، میتۆدی کاردانەوە فیزیکییەکان، میتۆدی بێدەنگ و میتۆدی فێربون بە کۆمەڵ. هەرچەندە، هیچ کام لەم میتۆدانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر زمانی کوردی نەبووە و بۆ مامۆستایانی کورد ئاشنا نین. هەر بۆیە باسکردنیان و ڕونکردنەوەیان گرنگە. تەوەری دووەم تایبەت کراوە بە میتۆدی پەیوەندیی کارا وەک سەرکەوتوترین میتۆدی فێرکردنی زمانی دووەم لە سەردەمی ئەمڕۆماندا. لەم تەوەرەدا تیشکی زیاتر خراوەتە سەر شێواز و چالاکییەکانی میتۆدی پەیوەندیی کارا و هەردو زاراوەی توانستی زمان و کارامەییی ئاخاوتن لە چوارچێوەی هەمان میتۆددا ڕون کراونەتەوە. دواتر گرنگترین ئەو پەرتوکە فێرکارییە کوردییانە خراونەتە ڕو کە لەسەر بنەمای ئەم میتۆدە لەم چەند ساڵەی دواییدا ئامادە کراون و بڵاو کراونەتەوە. لە کۆتایی تەوەری دووەمدا ئاماژەمان بەو میتۆدانە کردووە کە لە توێژینەوەکەدا باس نەکراون. شایەنی باسە، لەگەڵ باسکردنی میتۆدەکاندا، پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە ڕون کراوەتەوە. بەگشتی، فێرکردنی زمانی دووەم دەچێتە خانەی زمانەوانیی کارەکییەوە و تا ئەندازەیەکیش پەیوەندیدارە بە زمانەوانیی دەرونییەوە. بۆ خستنەڕو و شیکردنەوەی میتۆدەکانی فێرکردنی زمانی دووەم ڕێبازی توێژینەوەی وەسفیی شیکاری بەکار هاتووە.

## تەوەری یەکەم: میتۆدەکانی فێرکردنی زمانی دووەم لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم

### ١. میتۆدی ژینگەی لەبار 'Suggestopedia Method'

میتۆدی ژینگەی لەبار یەکێکە لە میتۆدە باوەکانی فێرکردنی زمان وەک زمانی دووەم. بەگوێرەی ئەم میتۆدە، خوێندکار دەبێت ئامادە بکریت بۆ وەرگرتنی زمان لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەیەکی لەبارەوە. دواتر، پرۆسەی فێرکردنی زمان دەست پێ بکات.

بە گوێرەی میتۆدی ژینگەی لەبار، هەموو ئەو ڕێگرییانەی کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم فێربونی زمان لە مێشکی خوێندکاردا، بەر لە دەستپێکی پرۆسەی فێرکردن دەبێت لابربدرێن. واتا خوێندکار بگاتە ئەو بڕوایەی کە فێربونی زمانی ئامانج کارێکی ئاسانە و ئەستەم نییە. ئەوەش لە ڕێگای ئارامکردنەوە و گونجاندنی دەوروبەر لەگەڵ خوێندکار دەبێت (محي-الدین، ٢٠١٦:٣٣٥)، بۆ نمونە هەبونی مۆسیقایەکی ئارام بەخش، ڕوناکیی گونجاو، دیکۆرێکی جوان لەو پۆلەی خوێندکار تێیدا فێر دەکرێت و فەراهەمکردنی کورسییەک بۆ ئەوەی لەکاتی دانیشتن و پرۆسەی فێرکردندا ئارام و ئامادە بێت (Richards & Rodgers, 1999:142-143).

مێژوی ئەم میتۆدە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی د. جۆرج لۆزانۆڤی بولگاری. ئامانجی ئەو خێراکردنی پرۆسەی فێربون بو بە ڕێگای میتۆدی ژینگەی لەبار، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئارامی و سەرنجدان. بیرۆکەکەی ئەو لە ژێر کاریگەریی توانای ئەو کەسانە بو، کە یۆگایان دەکرد توانایەکی سەرسوڕهێنەریان هەبو. بۆ نمونە؛ هەندێک ڕاپۆرت باسیان لەوە دەکرد کە ئەو کەسەی یۆگا دەکات دەتوانێت هەزار فریزی بە بیر بێتەوە ئەگەر تەنیا جارێک لە کاتی یۆگادا گوێی لێیان بێت (Lozanov, 1978:7). ئەم میتۆدە بە یەکێک لە میتۆدە مرۆڤایەتییەکان 'Humanistic methods' دادەندرێت (Richards & Rodgers, 1999:142) (محي-الدین، ٢٠١٦:٣٣٠). مەبەست لە میتۆدە مرۆڤایەتییەکان ئەو شێوازانەیە کە کار لەسەر توانست و بەئاگاهێنانەوەی مرۆڤ دەکەن دەربارەی تواناکانی. لێرەدا گرنگی زۆر بە گەشبینیی تاک دەدرێت و باوەڕ لای ئەو تاکە دروست دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک تواناکانی خۆی بەکار بهێنێت. ئەمەش پاڵپشتە بە بیردۆزە دەرونییەکان.

میتۆدی ژینگەی لەبار لە ژێر کاریگەریی سەفەرێکی لۆزانۆڤ بۆ شاری مۆمبای هیندستان لە ١٩٦٧ پەرەی پێ درابو. لۆزانۆڤ کەسێکی بینیبو بە ناوی 'شا' ، کە خۆی لە هەمانکاتدا پارێزەریش بو. شا توانای بیۆینەی خۆی پیشانی لۆزانۆڤ دابو، کە دوای ٣ ساڵ لە یۆگا پێی گەیشتبو (Bancroft, 1999:19). بەگوێرەی باوەڕی لۆزانۆڤ، بیرهاتنەوەی وشەکانی زمانی بێگانە 'ئینگلیزی و فەرەنسی' بە پشتبەستن بە میتۆدی ژینگەی لەبار ٢٥ جار لە حاڵەتی ئاسایی خێراترە (Lozanov, 1978:27).

گەشەکردنی ئەم میتۆدە لە ئەمریکا هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی پەرتوکەکەی لۆزانۆڤ برەوی پەیدا کرد (Ramirez, 1986:324). بە تێڕوانینێکی گشتی و بە پشتبەستن بەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامدراون، بیرۆکەکەی لۆزانۆڤ لە زۆر بوار و بە تایبەت لە بابەتی فێرکردنی زماندا، بیرۆکەیەکی کاریگەرە. چونکە هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە پرۆسەی فێرکردن لە ئارامی و هێمنیدا باشتر بەرەو پێشەوە

دەچێت. دەکرێت هەر ئەمەش یەکێک بێت لەو خاڵە بنەڕەتییانەی کە وای کردووە زمانی کوردی بەگشتی و فێرکردنی زمانی کوردی بە تایبەت، بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەرەو پێشەوە نەچێت. چونکە هەلومەرجی ژیان لە کوردستان لەبار نییە بۆ سیستەمێکی پەروەردەی تەندروست. هەروەها، ئەم ژینگە ئاڵۆزە هاوکار نەبووە لە پێشخستنی بابەتەکان بەگشتی و لە ناویاندا، پێشخستنی فێرکردنی زمانی کوردی وەک زمانی دووەم.

ئەم میتۆدە بۆ بوارەکانی دیکەش سودی لێ وەرگیراوە، بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (Ramirez, 1986:326). هاوشێوەی زمانە ئەوروپییەکان، ئەم میتۆدە لەسەر زمانی عەرەبیش تاقی کراوەتەوە و زۆر توێژینەوەش هەن کە کاریگەریی ئەرێنیی میتۆدەکە لەسەر خوێندکار دەسەلمێنن (محي-الدين، 2016). یەکێک لە بابەتە زۆر سەرەکییەکانی ئەم میتۆدە کاریگەریی مۆسیقایە لەسەر پرۆسەی فێربون (Richards & Rodgers, 1999). بەڵام، خودی بەکارهێنانی مۆسیقا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میسرِی و یۆنانییە کۆنەکان و مێژووەکی دوور و درێژی هەیە (Bancroft, 1999:110). هەر وەک لە چەندین توێژینەوەی دیکەش کاریگەریی مۆسیقا لە پرۆسەی فێرکردندا ئاماژەی بۆ کراوە. لە توێژینەوەیەکدا لە ئەردەن، ئاماژە بە کاریگەریی ئەرێنیی مۆسیقا لە فێرکردنی شیعری ئینگلیزی کراوە (Hijazi & Al-natour, 2012) . لەگەڵ ئەوەشدا، جۆری مۆسیقاکە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان، کە دەبێت مامۆستا بزانێت چ جۆرە مۆسیقایەک و لە چ شوێنێکدا بەکار دەهێنێت ( Richards & Rodgers, 1999).

بابەتێکی دیکەی گرنگ لەم میتۆدەدا، شێوازی گونجاندن و ڕەنگکردنی پۆلە. لەبەر ئەوەی بە بڕوای لێکۆڵەران ڕەنگ کاریگەری لەسەر دەرونی تاک و ڕەفتارەکانی دروست دەکات. هەندێک لە لێکۆڵەران بڕوایان وایە کە باشترین ڕەنگ لە زۆرینەی کاتەکاندا بریتیە لە ڕەنگەکانی شین و سەوز. هەروەها هەر یەک لە ڕەنگەکانی سور و پرتەقاڵی و زەرد دەرونی تاک ئاڵۆز دەکەن. هەندێک لێکۆڵەری دیکە ڕەنگەکان بە گوێرەی تەمەن دابەش دەکەن و پێیان وایە کە خوێندکاری گەنج ئارەزووی ڕەنگە گەرمەکانی وەک زەرد و قەیسیی و پەمەیی دەکەن، بە پێچەوانەی کەسانی بەتەمەن، کە ئارەزوی ڕەنگە ساردەکانی وەک شین و شینی سەوزباو دەکەن (Bancroft, 1999:143). ئەگەر سەیری دەوروبەر بکرێت، ئەوە ئاشکرایە، کە ئەو بابەتە لە بوارەکانی دیکەش بەکارهاتووە، بۆ نمونە زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ڕەنگە پێشنیازکراوانە بەکار دێنن. ئەمەش لە پێناو ئەوەی سەرنج و حەزی بەکارهێنەر بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، لە نمونەی فەیسبوک و تویتەر کە هەر دوکیان سودیان لە ڕەنگی شین بینیوە.

بەگشتی، لۆزانۆڤ پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەم لەسەر بیرهاتنەوەی وشەکان بنیات دەنێت. هەرچەندە خودی بیرهاتنەوە لای ئەو ئامانج نییە، بەڵام ڕێگا خۆشکەرە بۆ داهێنان لە زماندا و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان (Richards & Rodgers, 1999:147). بیرهاتنەوەی وشەکانیش

یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە بەردەوام مامۆستایانی فێرکردنی زمان جەختی لەسەر دەکەنەوە.

کۆرسەکانی فێرکردنی زمان بە شێوەی میتۆدی ژینگەی لەبار ۳۰ ڕۆژ دەخایەنن و پێکدێن لە ۱۰ بەش، لە هەر ڕۆژێکدا ٤ کاتژمێر خوێندن هەیە و لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژ. بابەتی سەرەکیی هەر بەشێک گفتوگۆیەکە، کە لە نزیکەی ۱۲۰۰ وشە پێکهاتووە. هەروەها گفتوگۆی خوێندکارەکان بە گوێرەی وشەکان و ڕێزمان هەڵ دەسەنگێندرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، تاقیکردنەوەی بەنوسینیش هەیە و خوێندکار لە کۆتایی کۆرسەکەدا هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ ئەنجام دەدرێت (Richards & Rodgers, 1999:147-148). لەم میتۆدە دا، لە خوێندکار چاوەڕوان کراوە بۆ ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ پرۆسەی خوێندن. لەم جۆرە کۆرسانەدا خواردنەوە و جگەرە کێشان قەدەغەیە یان خوێندکار ئامۆژگاری دەکرێت کە لەناو پۆل، لە دەرەوەی پۆل و لە ژینگەی خوێندندا لێیان دور بکەوێتەوە. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی تەرکیزی تەواو لەسەر فێربونی زمانی ئامانج بێت. هەروەها لۆزانۆڤ ڕۆڵی مامۆستای فێرکردنی زمان، کە میتۆدی ژینگەی لەبار بەکار دەهێنێت، لەم چەند خاڵەدا کورت دەکاتەوە؛

- بڕوای تەواوی بە میتۆدەکە هەبێت.
- گلەییەکانی بخاتە ڕو، ڕێنوێنی خوێندکار بکات لە کاتی بینینی ڕەفتار و شێوازی جلوبەرگی نەشیاو.
- وانەکان بە شێوەیەکی باش ڕێک بخات و دەستپێکی بابەتەکان، لە ناویاندا هەڵبژاردن و لێدانی مۆسیقا و سزادان، ڕون بکرێنەوە.
- ڕەفتارە فەرمییەکان بە درێژاییی وەرزی خوێندن بپارێزرێن.
- مامۆستا تاقیکردنەوە بە خوێندکارەکانی بکات و بەلێهاتوییەوە هەوڵی چارەسەری کێشەی ئەوانە بکات، کە لە تاقیکردنەوەکاندا باش نین.
- ئاسۆی بیرکردنەوەی مامۆستا فراوان بێت و خۆی بەدور بگرێت لە لێکدانەوە و شیکاری کەسیی بابەتەکان.
- مامۆستا دەبێت ئاستی ڕێکوپێکیی مامەڵەکردنی خۆی بپارێزێت (Lozanov, 1978:275-276).

هەرچی سەبارەت بە میتۆدەکەیە، بنەما سەرەکییەکانی ئەمانەن

- هەر وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، لەم میتۆدەدا مامۆستا لە ڕێگەی پێشنیازەوە بێئومێدیەکانی خوێندکار لە بەرامبەر فێرنەبون ناهێڵێت. ئەمەش بە ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی گونجاو و لەبار بۆ خوێندکار و بەکارهێنانی ڕەنگ و مۆسیقا و ڕوناکی و نواندن.
- خەیاڵ و بیرۆکەکانی خوێندکار بابەتی سەرەکیی ناو پۆلن. هەر بۆیە ڕۆڵی خوێندکار ڕۆڵێکی داهێنەرانەیە و لە ڕوانگەی خۆیەوە گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا دەکات.

- ڕێزمان و وشە بەکورتی باس دەکرێن و کاتی زۆریان بۆ تەرخان ناکرێت. بەکارهێنانی وەرگێڕان لە نێوان زمانی دایکی و زمانی ئامانج ڕێگە پێ دراوە. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی، کە خوێندکار مانای دەقیقی وشەکان بزانێت و هەڵە لە تێگەیشتندا ڕو نەدات.
- جەخت لەسەر بابەتەکانی فێرکردنە و هەڵە ڕێگە پێ دراوە و یارمەتیدەرە بۆ فێربون. هەڵەکان لە دەستپێکی وانەکەدا ڕاستەوخۆ ڕاست ناکرێنەوە، بەڵکو لە کۆتاییدا کاتیان بۆ تەرخان دەکرێت. هەروەها هیچ تاقیکردنەوەیەکی فەرمی بە درێژایی کۆرسەکە ئەنجام نادرێت. بەڵکو توانستی خوێندکاران لە پۆلدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و لەم ڕێگەیەوە مامۆستا ئاستی خوێندکارەکانی دیاری دەکات.

هەتا سەردەمی ئەمرۆمان ئەم میتۆدە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی سودی لێ وەرنەگیراوە. بەڵام دەکرێت دەزگاکانی ئەم بوارە سودمەند بن لە بیرۆکەکانی میتۆدی ژینگەی لەبار و لەگەڵ مەنهەجە جۆربەجۆرەکان بەکاری بهێنن. بە تایبەت لە بابەتەکانی ڕەنگی پۆل و زیادکردنی توانای خوێندکار بەو ڕێگا جۆربەجۆرانەی، کە سودبەخشن. ئەمەش بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وەرگرتنی خوێندکار. مامۆستای فێرکردنی زمانی کوردی دەتوانێت بەمجۆرە ئەم میتۆدە تاقی بکاتەوە؛

مۆسیقایەکی هێمن هەڵبژێرە و وەک باکگراوندی پۆلەکە دای بگیرسێنە. واتا ئاوازەکە نە زۆر بەرز بێت، کە خوێندکار ناڕەحەت بکات و نە زۆر نزم بێت. بۆ نمونە؛ لەوانەیە ئەم ئاوازە دەنگی ئاوی کانییەک بێت، کە بە هێمنی دێتە خوارەوە و هەستێکی خۆش دەبەخشێت بە خوێندکار. لەسەر ئەو کانییە، ناو ناوە دەنگی بۆقێک دێت، یان بولبولێک دەخوێنێت. بایەکی هێمن دارەکان دەلەرێنێتەوە. لەگەڵ داگیرساندنی مۆسیقایەکی لەم جۆرە، گڵۆپەکانی پۆل بکوژێنەوە. خوێندکارەکان بکە بە کۆمەڵێک گروپی سێ یان چوار کەسی و داوایان لێ بکە کە چاویان بنوقێنن و خەیاڵ بیانباتەوە بۆ لای ئەو کانییە. بیر لەو شتانە بکەنەوە، کە لەوێدا هەن، هەر لە خشەی خشۆکێکەوە هەتا دەگاتە هەوایەکی سازگار یان کزە بایەک. ئنجا هەر ئەندامێکی گروپەکە ڕۆڵێک بۆ خۆی هەڵ ببژێرێت. بۆ نمونە؛ یەکێکیان ببێت بە با، ئەوەی دیکە ببێت بە ماسیەک...هتد.

ئیتر، ئێستا کاتی گفتوگۆی نێوان ئەو گیانلەبەرانەیە. لەوانەیە گفتوگۆیەک دەربارەی پیسبونی سەرچاوەکانی ئاو بکەن. مامۆستا دەبێت هاندەر بیت بۆ ئەوەی خوێندکار تەواو بچێتە ناو ڕۆڵەکەی خۆی و بەرجەستەی بکات. بە جۆرێک کە هەست بکات لەسەر تەختەی شانۆ وەستاوە، نەک ئەوەی کە فێری زمان دەبێت. مامۆستا دەبێت ئازادیی تەواو بدات بە خوێندکارەکانی. ئەگەر خوێندکار حەز بکات، لەوانەیە لەسەر لادیوارێک دابنیشێت، یان تەنانەت لە پۆلدا و لەگەڵ هاوڕێکانی پاڵ بکەوێت. دەکرێت مامۆستا چیرۆک بۆ خوێندکارەکانی بخوێنێتەوە و لە کاتی خوێندنەوەشدا پرسیار دروست بکات. مامۆستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵەی خوێندکارەکانی دیاری ناکات. دەبێت لە کۆتایی وانەکەدا، هەڵەکان دەستنیشان بکرێن و ڕاست بکرێنەوە.

### ٢. میتۆدی کاردانەوە فیزیکییەکان 'Total Physical Response'

میتۆدی کاردانەوە فیزیکییەکان کار لەسەر فێرکردنی زمان لە ڕێگەی چالاکییە فیزیکییەکانەوە دەکات. بە واتایەکی دیکە، میتۆدەکە چالاکییە فیزیکییەکانی مرۆڤ لە خزمەت خێراکردنی پرۆسەی فێرکردنی زماندا بەکار دەهێنێت. بۆ ئەمەش مامۆستا هەوڵ دەدات کە کەرەستە زمانییەکان بە بەستنەوەیان بە چالاکییەکانی ڕۆژانە مانادارتر بکات. بە گوێرەی ئەم میتۆدە، چالاکییە فیزیکییەکان و بیستنی وشەکان پێکەوە دەبنە مایەی ئەوەی کە خوێندکار بابەتەکانی بیر نەچێتەوە. بۆ نمونە لە کاتی چونەژورەوەی مامۆستا لە پۆلێکی فێرکردنی زمانی کوردیدا، ئەگەر ڕستەی 'هەستن، دانیشن' ڕۆژانە دوبارە بکرێتەوە، ئەوا خوێندکار لەگەڵ دەربڕینەکان ڕادێت و لە بیریان ناکات.

میتۆدەکە بەرهەمی چەندین لیکۆڵینەوە و گوتاری پرۆفیسۆر و دەرونناسی ئەمریکی جەیمس ئاشەرە 'James Asher'، کە لە کۆمەڵێک گۆڤاردا بڵاو کراونەتەوە (Richards & Rodgers, 1999:78) (Sutherland, 1978:204). ئەم میتۆدە تێکەڵەیەکە لە زمان و چالاکیی فیزیکی، جەخت لەسەر گوێگرتن و کاردانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ بیستن دەکاتەوە (Sutherland, 1978:205).

لە هەمان کاتدا، میتۆدەکە وابەستەیە بە تیۆری سۆراخ 'trace theory' لە بواری دەرونناسیدا، کە کار لەسەر یادگەی 'memory' مرۆڤ دەکات (Richards & Rodgers, 1999:78). تیۆری سۆراخ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یادگەی مرۆڤ زانیارییە دوبارەبووەکان و ئەو زانیارییانەی زیاتر گرنگن هەڵ دەگرێت. گرنگترین زانیاری لای کەسێک باشتر دێتەوە یاد بە بەراورد بە زانیارییەک کە بۆ هەمان کەس گرنگ نییە (Mongillo, Rumpel, & Loewenstein, 2017:7). گەڕاندنەوە و دۆزینەوەی زانیاری لە مێشکدا دەکرێت لە ڕێگای ئاخاوتنەوە یان گونجاندنی وشەکان لەگەڵ چالاکییەکان بێت. پێکبەستنەوەی ئاخاوتن و چالاکییەکان بە یەکدیەوە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بیرهاتنەوە.

ئاشەر پێی وایە کە پرۆسەی فێربونی زمانی دووەم لای گەنجان هاوشێوەیە لەگەڵ فێربونی زمان لای منداڵ. هەر وەک چۆن منداڵ لە سەرەتادا لەڕێگای چالاکییەکانەوە فێر دەکرێت و تەنانەت وەڵامە فیزیکییەکان پێش وەڵامەکانی گۆکردن دەکەون، ئاوهاش فێربونی زمانی دووەم دەکرێت بەم ڕێگایە بێت (Asher, 1968:7). هەروەها ئەم میتۆدە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ دەرونناسیدا هەیە و پەیڕەوانی میتۆدەکە پێیان وایە کە سۆز و هەڵچون ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕن و زۆر گرنگن لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا. هەر بۆیە ئەو جوڵانەی، کە جۆرێک لە یارییان تێدایە، ئاڵۆزی دەرونی کەم دەکەنەوە و جەوێکی خۆش بۆ خوێندکار دەرەخسێنن. لە ئەنجامدا، پرۆسەی فێرکردنی زمان خێراتر دەبێت (Richards & Rodgers, 1999:87). هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوەیە کە توانای منداڵ و گەنج زۆرە و دەیانەوێت بەردەوام چالاکیی فیزیکی ئەنجام بدەن. ئەگەر ئەم جوڵانە بە شێوەی یاری و بە هاوتەریبی لەگەڵ پرۆسەی فێرکردنی زمان بکرێن، ئەوا لەوانەیە زانیارییەکە باشتر بگات و زیاتر لە مێشکدا بچەسپێت (Er, 2013:1767).

ئاشەر پیی وایە تێگەیشتن لە بابەتەکان گرنگە و دەکەوێتە پێش ئاخاوتنەوە (Sutherland, 1978). خوێندکار دەبێت لە سەرەتادا تێگەیشتبێت، ئنجا هەوڵی ئاخاوتن بدات. لێکۆڵەران ئەمە لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەنەوە؛ یەکەم: تێگەیشتن پێش توانستی بەرەوپێشچونە لە فێرکردنی زماندا. دووەم: فێرکردنی ئاخاوتن دەبێت دوابخرێت تا ئەو کاتەی کە توانستی تێگەیشتن لای خوێندکار جێگای خۆی دەگرێت. سێیەم: ئەو توانستانەی، کە لە ڕێگای گوێگرتنەوە بەرهەم هاتون، دەگوازرێنەوە بۆ توانستەکانی دیکەش. چوارەم: فێرکردن دەبێت کار لەسەر مانا بکات نەک شێوە. پێنجەم و کۆتایی: فێرکردن دەبێت ئاڵۆزیی دەرونیی خوێندکار کەم بکاتەوە (Richards & Rodgers, 1999:87–88). لە ڕاستیدا فێرکردنی زمان لە ڕێگەی چالاکییەوە مێژویەکی دور و درێژی هەیە، بۆ نمونە لە کاتی ڕیفۆرم لە فێرکردنی زماندا فرێنچمان گۆیین ‘Frenchman F. Gouin (1831–1896)’ شێوازی تایبەت بەخۆی بڵاو کردەوە، کە نزیک بو لەم میتۆدە و جەختی لەسەر چالاکییەکان دەکردەوە بۆ فێربونی ناو پۆل. هەروەها، پالمێر ‘Palmer’ لە ١٩٢٥دا، پەرتوکێکی لە تۆکیۆ بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ژێر ناوی 'ئینگلیزی بەڕێگەی کردارەکان' ‘English Through Actions’ بڵاو کردەوە، کە پشتی دەبەست بە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ڕێگای چالاکییە کردارییەکانەوە. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، لە خوارەوە شێوازی گۆیین بۆ وانەی یەکەم و فێربونی بابەتەکان لەگەڵ چالاکییەکان دەخەینە ڕو.

---

| | |
|---|---|
| من پیاسە دەکەم | من بەرەو دەرگاکە پیاسە دەکەم. |
| **من لەنزیک وێنە دەکێشم.** | **من لە نزیک دەرگاکەوە وێنە دەکێشم.** |
| **من لە نزیکتر وێنە دەکێشم.** | **من لە جێگایەکی نزیکتر لە دەرگاکەوە وێنە دەکێشم.** |
| من دەگەم. | من دەگەم بە دەرگاکە. |
| من دەوەستم. | من لەلای دەرگاکە دەوەستم. |
| **من ڕایدەکێشم.** | **من قۆڵم ڕادەکێشم.** |
| من ڕایدەگرم. | من دەسکەکە ڕادەگرم. |
| **من دەسوڕێمەوە.** | من دەسکەکە دەسوڕێنمەوە. |
| **من دەکەمەوە.** | من دەرگاکە دەکەمەوە. |
| من پاڵ دەنێم. | من دەرگاکە ڕادەکێشم. |
| **جوڵانەکان** | **دەرگاکە دەجوڵێت.** |
| **سوڕانەکان** | **دەرگاکە لەسەر سکەکانی دەسوڕێتەوە.** |
| **سوڕانەکان** | **دەرگاکە دەسوڕێتەوە و دەسوڕێتەوە.** |
| من دەکەمەوە. | **من بە فراوانی دەرگاکە دەکەمەوە.** |

بەریبدە بڕوا. من دەسکەکە بەردەدەم بڕوا.

_____________________

خشتەی ژمارە ١: شێوازی گوێین بۆ فێربونی زمان بە پشتبەستن بە چالاکییە فیزیکییەکان (Richards & Rodgers, 1999:6).

بە بڕوای ئاشەر دەبێت نەخشەی گشتیی زمانی ئامانج لای خوێندکار بنیات بندرێت، پاشان دەست بکرێت بە وردەکاریی بابەتەکان. هەروەها، سێ گریمانەی سەرەکی بۆ پرۆسەی فێرکردنی زمان دەستنیشان کردووە کە بریتین لە؛ توانستی بایۆلۆژی، ئاڕاستەکردن بۆ لای ڕاستی مێشک و کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی دەرونی (Richards & Rodgers, 1999:88-91).

یەکەم، توانستی بایۆلۆژی؛ مەبەست لەو لایەنە بایۆلۆژییەی مرۆڤە کە وەک ڕێگایەک وایە بۆ ئاڕاستەکردنی مرۆڤ بۆ فێربونی زمانی یەکەم. زمانی دووەمیش هاوتەریبە و بە هەمان پرۆسێسی فێربونی زمانی یەکەمدا دەڕوات. منداڵ لەسەرەتادا توانای گوێگرتنی هەیە پێش ئەوەی توانای ئاخاوتنی هەبێت. منداڵ فێری گوێگرتن دەبێت چونکە لێی داواکراوە کە وەڵامی فیزیکی هەبێت بۆ ئەو داخوازی و قسانەی ئاڕاستەی دەکرێن. کاتێک بناغەی گوێگرتن بە تەواوی دروست بو، بە شێوەیەکی سروشتی ئاخاوتن دەبێتە بەرهەمی ئەو پرۆسەیە.

دووەم، ئاڕاستەکردن بۆ لای ڕاستی مێشک؛ بە بڕوای ئاشەر ئەم میتۆدە ئاڕاستە دەکرێت بۆ لای ڕاستی مێشک لە کاتێکدا زۆربەی میتۆدەکانی دیکەی فێرکردنی زمان بۆ لای چەپی مێشک ئاڕاستە دەکرێن. بە بڕوای ئەو پێش ئەوەی کارەکانی بەشی چەپی مێشک دەست پێ بکات بۆ فێربونی زمانێکی پێشکەوتو، بناغەی زمان بۆ وەڵامە فیزیکییەکانی دەوروبەر لە بەشی ڕاستی مێشکدا بنیات دەنرێت. ئەمەش بە پشتبەستن بە توێژینەوە بایۆلۆژییەکان، کە بەشەکانی مێشکیان دابەش کردووە و پێیان وایە کە هەر بەشێک تایبەتمەندە بە بوارێکی دیارکراو. هۆکاری ئەوەی کە ئاشەر دەیەوێت زمان ئاڕاستەی بەشی ڕاستی مێشک بکات ئەوەیە؛ کە شوێنی جەختکردن لەسەر جوڵە و کردارەکان لای ڕاستی مێشکە و شوێنی فێربونی زمان لە لای چەپی مێشکە. کاتێک تەرکیز لەسەر جوڵەکان بێت، پرۆسەی فێرکردنی زمان بە شێوەیەکی نائاگایی بەرەو پێشەوە دەچێت و ئەوەش بەشداردەبێت لە کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی دەرونی (Er, 2013:1767). ئەمەش بەواتای ئەوەی کە هەردو بەشی مێشک لە خزمەت فێربونی زماندا دەکەونە کار.

سێیەم، کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی دەرونی؛ بابەتێکی گرنگ لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا، نەبونی قەلەقی و دودڵی و ئاڵۆزیی دەرونییە لای خوێندکار. بە بڕوای ئاشەر خوێندکار لە پۆلەکانی فێرکردنی زماندا دوچاری ئاڵۆزی دەرونی دەبێتەوە. بەڵام کلیلی هێورکردنەوەی خوێندکار خاڵی یەکەمە کە بریتیە لە توانست و سروشتی بایۆلۆژیی مرۆڤ، کە یارمەتیدەرە بۆ فێربونی زمانی دووەم. خوێندکار لە فێربونی زمانی یەکەمیشدا، بە نائاگایی بەهەمان پرۆسێسدا ڕۆیشتووە.

بنەماکانی ئەم میتۆدە لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە:

- تێگەیشتن دەبێت پێش قسەکردن بێت لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا.
- تێگەیشتن دەبێت لە ڕێگای جوڵەکانی جەستەی خوێندکارەوە گەشەی پێ بدریت. ئەوە ڕێگەیەکی بەهێزە و مامۆستا دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە ڕەفتارەکانی خوێندکار کۆنترۆڵ بکات. توێژینەوەکان دەری دەخەن، کە دەکرێت زۆرینەی بنەما ڕێزمانییەکان و سەدان وشە لەم ڕێگەیەوە و بە یارمەتیی مامۆستا فێری خوێندکار بکرێن.
- مامۆستا زۆر لە خوێندکار ناکات بۆ ئاخاوتن. هەر کاتێک خوێندکار نەخشەی زمانی ئامانج تێگەیشت لە ڕێگای ئەوەی کە دەیبیستێت، خاڵێک هەیە بۆ ئەوەی ئاخاوتن وەک بەرهەم دەربکەوێت. کەسەکان لەناکاو دەست بە قسەکردن دەکەن (Sutherland, 1978:205).

لە سەرەتادا خوێندکار لەسەر چالاکییە فیزیکییەکان ڕادەهێندرێت. ڕۆڵی خوێندکار لێرەدا گوێگر و ئەکتەرە. یەکەمجار، گوێ دەگرێت و پاشان چالاکییە فیزیکییەکان ئەنجام دەدات بەگوێرەی داواکردنی مامۆستاکەی. لە کاتێکدا ڕۆڵی مامۆستا لەم میتۆدەدا ناوەندییە و دەکریت بە دەرهێنەر و خوێندکارەکانیشی بە ئەکتەر بچوێندرێن. ئەو بڕیار لەسەر بابەتەکان و شێوازی ئاڕاستەکردنی پۆل دەدات، هەر بۆیە دەبێت مامۆستا تەواو ئامادەبێت بۆ ئەو ڕۆڵە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم میتۆدە فیدباکە. ئاشەر پێی وایە کاتێک کە خوێندکار دەست بە ئاخاوتن دەکات پێویست ناکات مامۆستا لە هەمان کاتدا هەڵەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە (Sutherland, 1978:205). مەبەستی ئاشەر ئەوەیە کە لەو کاتەدا بیر و هۆشی خوێندکار بە تەواوی لای ئەو شتانەیە کە دەیڵێت و فیدباکی مامۆستا گرنگیەکی ئەوتۆی نابێت و جێی خۆی ناگرێت. فیدباک دەبێت بە نەرمونیانی بێت نەک بە ڕەقی و قسە پێ بڕین. گرنگ ئەوەیە خوێندکار قسە بکات، لە کۆتاییدا ئەویش شێوازی قسەکانی خۆی بە گوێرەی دەستوری زمانەکە دەگونجێنێت. چونکە شکاندنی ترس و ئاخاوتن بڕینی هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی فێربونی زمانی دووەمدا.

بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە پۆلدا، تا ڕادەیەک سادەیە، مامۆستا خوێندکارەکانی هان دەدات کە کۆمەڵێک دەستەواژەی سادە دوبارە بکەنەوە. بۆ نمونە؛ دەست بەرز بکەنەوە، هەستن، دانیشن، بە دەست بڵێن خواحافیز..هتد. مامۆستا دەتوانێ بە شێوەی دەست و گونجاندنی دەموچاو، وشەکان فێری خوێندکار بکات، بەتایبەت ئەو وشانەی پێناسەی کەس دەکەن، بۆ نمونە؛ گەورە، دڵخۆش، بچوک، دڵتەنگ...هتد.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم میتۆدە ڕۆڵی مۆسیقا و گۆرانی و چیرۆکە (Er, 2013:1768)، بە تایبەت بۆ خوێندکاری هەرزەکار و منداڵ. بۆ نمونە کاتێک مامۆستا چالاکی لە پۆلدا ئەنجام دەدات بۆ ناساندنی ئەندامەکانی جەستە، وەک؛ دەست بخەرە سەر لوتت، دەست بخەرە سەر گوێت...هتد. پاشان گۆرانییەک لێ بدات، کە هەمان ئەو وشانەی تێدا بێت. ئەگەر گۆانییەکە ئاسان بێت و وشەکان زۆر دوبارە ببنەوە، ئەوا هاندەرێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت وشەکانی لە بیر بمێنێت و

لەبیریان نەکات. هەروەها، چیرۆک وا لە مرۆڤ دەکات کە بەوردی گوێگر بێت و بەدوای بابەتەکاندا بچێت و ڕوداوەکانی لەبیر بمێنێت. بەڵام پێویستە لە سەرەتادا کلیلە وشەکان بە خوێندکار ئاشنا بکرێن و ماناکانیان تێ بگات. بۆ نمونە کاتێک مامۆستا دەیەوێت چیرۆکی قەلەڕەش و مام ڕیوی بۆ خوێندکارەکانی بگێڕێتەوە، وا باشترە لە سەرەتادا وێنە و مانای قەلەڕەش، مام ڕێوی و کاراکتەرەکانی دیکە بە خوێندکار بناسێنێت و پاشان چیرۆکەکە دەست پێ بکات.

تا ئێستاش ئەم میتۆدە بەردەوام لە گەشەکردن دایە و گرنگی پێ دەرێت، بۆ نمونە لە دوایین پێشکەوتنەکان؛ گونجاندنی میتۆدەکەیە لەگەڵ تەکنەلۆژیای نێکت 'Kinect technology' (Hwang, et al., 2014). ئەم تەکنەلۆژیایە جۆرێکە لە یاریکردن. سیستەمەکە ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات، کە لە ڕێگەی کامێرایەکەوە خۆی بەشداریی یارییەکان بکات و چالاکیی فیزیکی ئەنجام بدات. یارییەکە بە جۆرێکە؛ کە وشە دەدات بە بەکارهێنەر و ئەویش دەبێت لە ڕێگای جوڵە فیزیکییەکانەوە تێگەیشتنی خۆی بۆ وشەکان پیشان بدات. لەم ڕێگەیەوە ئامێری یاریکردن و تەلەفزیۆن لە ماڵەوە هەمان ڕۆڵی مامۆستایەکی ئەم میتۆدە دەبینن.

لە ڕابردودا، بەئاگا بوبێت یان بێئاگا، زۆرێک لە مامۆستایانی کورد ئەم میتۆدەیان وەک یارییەک بەکار دەهێنا، بۆ نمونە یاری مام سلێمان. لەم یارییەدا، خوێندکار گوێگر بو، مامۆستا دەیگوت مام سلێمان دەڵێ دەست هەڵ ببرن، دەست بۆ لای چەپ، دەست لەسەر لوتتان دابنێن...هتد. ئەمە بەڵگەیەک بو بۆ ئەوەی مامۆستا بزانێت ئایا خوێندکارەکەی ئاڕاستەی چەپ و ڕاست جیا دەکاتەوە یان نا، ناوی ئەندامەکانی لەشی خۆی دەزانێت یان نا.

### ٣. میتۆدی بێدەنگ 'The Silent Way'

هەر وەک لە ناوەکەیەوە بەدی دەکرێت، لەم میتۆدەدا مامۆستا کەمترین قسە دەکات و زۆرترین دەرفەتی ئاخاوتن بۆ خوێندکار دەڕەخسێنێت. چونکە پەیڕەوکەرانی میتۆدی بێدەنگ ڕەخنە لەوە دەگرن، کە لە زۆرینەی کاتەکاندا، مامۆستایان زۆرترین قسە دەکەن. مامۆستا لە بەشێکی میتۆدەکانی دیکەدا ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێت و ئەوە دەڵێت کە خۆی ئامانجییەتی و خوێندکار تا ڕادەیەکی زۆر بووەتە پاشکۆی مامۆستا. بە گوێرەی ئەم میتۆدە، پێدانی ئەم ڕۆڵە ناوەندییە بە مامۆستا هۆکاری سەرەکییە بۆ ونبونی ئامانج کە فێربونی زمانە. بە گوێرەی ئەم میتۆدە، فێربونی زمان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێت خوێندکار ڕۆڵی ناوەندی بگێڕێت. هۆکاری ئەم بۆچونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوای وانەکان خوێندکار لێی داواکراوە بە زمانی ئامانج قسە بکات، تێ بگات، بنوسێت و بخوێنێتەوە. ئێتر کاتێک مامۆستا ڕۆڵە ناوەندییەکە لە ئەستۆ بگرێت، خوێندکار ناتوانێت ئەم توانستانە بەدەست بهێنێت.

میتۆدی بێدەنگ بۆ فێرکردنی زمان لە لایەن کالب گاتێگنۆ ‘Caleb Gattegno’ وە (١٩٧٢) پێشنیاز کراوە. ئەم میتۆدە بە پارچەکانی کوزینەر 'Cuisenaire rods' دەناسرێتەوە (Richards & Rodgers, 1999:99). سەیری وێنەی ژمارە (١) بکە بۆ بینینی یەکێک لەم پارچانە.




وێنەی ژمارە1: نمونەیەک لە پارچەکانی کوزینەر، کە بە مەبەستی فێرکردنی زمان بەکار دێن.

بەکارهێنانی ئەم پارچە ڕەنگاوڕەنگانە بۆ یەکەمجار لە لایەن جۆرج کوزینەر ‘Georges Cuisenaire’ لە بواری بیرکاریدا بەکار هات. چونکە گاتێگنۆ خۆشی لە سەرەتادا مامۆستای بیرکاری بو (Brennan & Brien, 2000)، هەر بۆیە توانیبوی سود لە بیرۆکەکە بۆ خزمەتکردنی فێربونی زمان وەربگرێت. تەنانەت لەسەر ناوی خۆی و وەک بابەتێک، کە مافی لەبەرگرتنەوەی بۆ کۆمپانیایەکی خۆی پارێزراوە، تۆماری کرد (Richards & Rodgers, 1999:99). لە ساڵی ١٩٦٣دا، لە پەرتوکی فێرکردنی زمانی بێگانە لە قوتابخانەکاندا خستییە ڕو. لەو سەردەمەدا، گاتێگنۆ ڕەخنەی زۆری دەربارەی سیستەمی فێرکردنی زمان هەبو، بیرۆکەکانی ئەو لە پشتبەستن بە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە سەرچاوەیان دەگرت نەک ئەوەی پشت بەستن بن بە بنەماکانی خودی زمان. دواتر لە ١٩٧٢دا، گاتێگنۆ دوبارە پەرتوکەکەی بە هەندێک دەستکارییەوە بڵاو کردەوە. سەرەکیترین بنەمای ئەم میتۆدە بریتیە لە 'کەمترین فێرکردن و زۆرترین فێربون' (Cross, 1977:277). مەبەستی ئەم ڕستەیە ئەوە بو، کە مامۆستا نابێت هەمو پرۆسەی فێرکردن لە خودی خۆیدا ببینێتەوە، بەڵکو دەبێت خوێندکار و بابەت بنەما بن، بۆ ئەوەی پرۆسەی فیرکردن بە شێوەیەکی سەرکەوتو بەردەوام بێت. بۆ تێگەیشتن لە پارچەکانی کوزینەر، با ئێمە بیر لە خاڵەکانی سەر زاری تاوڵە یان پولی دۆمینە بکەینەوە، کە هەمومان لە ژیانی ڕۆژانەماندا بینیومانن. بەهۆی شێوازی ڕیزکردنی خاڵەکان و ڕاهاتن

لەسەر ئەو شێوازە، تەنیا بینینی پول یان زارەکە بەسە تا بزاندرێت کە چەند خاڵی لەسەرە. چونکە هەر ژمارەیەک بە سیستەمێکی تایبەت بە خۆی ڕیزکراوە. بەڵام ئایا ئەگەر خاڵەکان هەموویان بخەینە سەر یەک ڕیز، بەهەمان خێرایی دەتوانین ژمارەکان بزانین؟ بێگومان نەخێر، ئنجا ئەگەر ژمارەکە گەورەتر بێت، پرۆسەکە ئاڵۆزتریش دەبێت. پارچەکانی کوزینەریش بریتین لە کۆمەڵێک کەرەستەی ڕەنگدار بۆ ئەوەی وەک کارای یاریدەدەر لە فێرکردنی زماندا ڕۆڵ بگێڕن. هەر وەک لە زۆرێک لە توێژینەوەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن ئەوە سەلمێندراوە کە فێرکردن لە ڕێگای ڕەنگەوە کاریگەرترە لە فێرکردن بەبێ بەکارهێنانی ڕەنگ (Godfroid, Chin-Hsi , & Catherine , 2017:820).
لە سەرەتادا، ماوەیەک پەرتوکەکەی گاتێگنۆ نەخرابووە بواری پراکتیکەوە، بەڵام دواتر بەکارهێنانی هێڵکارییەکان و پارچەکانی کوزینەر بە خێرایی گەشەی سەند. تەنانەت بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە، ئەم پارچانە وەک کەرەستە لە چوارچێوەی زۆرێک لە میتۆدەکانی دیکەش بەکار دێن.
میتۆدی بێدەنگ بۆ فێربونی زمان بە یەکێک لە میتۆدە مرۆڤایەتییەکان و زۆرجار بە شێوازی جێگرەوە ‘altarnative’ دەناسرێتەوە (Brien, 2000 & Brennan). گرنگیی زۆر بە خوێندکار و چالاکیی خوێندکار دەدات لە پۆلدا. هەروەها، بێدەنگیی مامۆستا وەک کارای یاریدەدەر لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا سەیر دەکات. مامۆستا گرنگی بە بێدەنگی و زمانی ئاماژە دەدات بۆئەوەی بتوانێت کاریگەریی خۆی لە پۆلدا دروست بکات. لەم ڕێگەیەوە پرۆسەی فێرکردن خێراتر بکات و هانی خوێندکار بدات کە هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە. لە ئەنجامدا، خوێندکار توانا شاراوەکانی خۆی دەدۆزێتەوە (Tamura, 1983:19). ئەم میتۆدە گرنگیی زۆر بە شێوازی گۆکردنی زمان دەدات و گرنگی بە ئاخاوتن لە ژینگەی ماناداردا دەدات. هەڵسەنگاندنی خوێندکار لە ڕێگای تێبینیکردن دەبێت و لەوانەیە هەرگیز مامۆستا پەنا نەباتە بەر تاقیکردنەوەی فەرمی بۆ دیاریکردنی ئاستی خوێندکار.
ئەم میتۆدە، لە سەرەتادا، کەمێک نامۆ دەردەکەوت. هەر وەک ستێڤیک (١٩٧٤) باسی ئەوە دەکات کە یەکەم چاپی پەرتوکەکەی گاتێگنۆ بە تەواوی بێزارکەر بووە بۆ خوێنەر. هەر بۆیە تا ڕادەیەک فەرامۆشی کردووە. لە کاتێکدا چاپی دووەم زۆر باشتر بووە، بەڵام دیسان میتۆدەکە بەلایەوە نامۆ بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک لە چەند شوێنێک ئاستی سەرکەوتنی میتۆدەکەی لە پراکتیکدا بینیوە، ناچار بووە شێوازی بیرکردنەوەی خۆی دەربارەی ئەم میتۆدە بگۆڕێت.
بەگشتی، دەکرێت بنەماکانی ئەم میتۆدە لەم چوار خاڵەدا کورت بکرێنەوە؛

- مامۆستا دەبێت تەرکیز بخاتە سەر ئەوەی کە چۆن خوێندکار فێر دەبێت، نەک ئەوەی کە چۆن ئەو فێری بکات. ئەوەش کاتێک دەبێت کە مامۆستا خۆی بخاتە شوێنی خوێندکار. گاتێگنۆ خۆی ئەوەی تاقی کردەوە تا بزانێت چۆن بە باشترین شێوە خوێندکار بابەتەکان وەردەگریت. کاتێک ئەم تاقیکردنەوەیەی لەسەر خۆی کرد، بۆی دەرکەوت کە دەکرێ مرۆڤ لەسەر ئاگایی پەروەردە بکرێت. هەر بۆیە ڕێگاکەی ئەو زیاتر پشت بە ئاگایی دەبەستێت نەک بە گواستنەوەی زانیاری. مامۆستا نابێت زانیاریی ئامادەکراو بخاتە بەردەستی

خوێندکار، لەکاتێکدا خوێندکار خۆی دەتوانێت هەمان زانیاری بەدەست بهێنێت. ناوی میتۆدەکەش هەر لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە (Brennan & Brien, 2000:546-547) (Gattegno, 1972).

- دوبارەکردنەوە و چەند بارەکردنەوە ڕێگای سەرەکی نین بۆ فێرکردن. زمان تەنیا ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە، وەک زۆرێکمان پێمان وایە. زمان وەک کۆگایەکی دەربڕین، بیرکردنەوە، هەستکردن، تێڕوانین و بیروڕا وایە. ئەمەش دەتواندرێ گەشەی پێ بدرێت لە لایەن خوێندکارەکانەوە و بە هاوکاری مامۆستا (Brien, 2000 & Brennan) (Gattegno, 1972).
- هەبونی ستاندارد زۆر گرنگە لەم میتۆدەدا، بۆ زانینی ئەوەی کە چی ڕاست و چی هەڵەیە، کام شت گونجاوە و چی نەگونجاوە. ستاندارد دەتوانێ سنوری نێوان ئەم شتانە دیاری بکات. هەڵەکردن بەشێکی سەرەکییە لەم میتۆدەدا. تەنانەت گاتێگنۆ هەڵەی خوێندکار بە دیاریەک بۆ پۆل وەسف دەکات. ڕێگاکردنەوە بۆ هەڵەکردن، بوارێکی فراوان دەبەخشێت بە خوێندکار بۆ ئەوەی پێکهاتەی زمانە نوێیەکە بدۆزێتەوە. لێرەدا مامۆستا ڕۆڵی ئاڕاستەکردنی پۆل لەدەست دەدات و زیاتر ڕۆڵی سەرچاوەیەک و کەسێک بۆ پێدانی فیدباک بە خوێندکار دەبینێت (Brien, 2000 & Brennan) (Gattegno, 1972).
- لە پرۆسەی فێرکردندا، خوێندکار نەخشەی شتەکان دەکێشێت لەسەر بنەمای ئەوەی دەیزانێت، بە تایبەت زمانی دایکی. مامۆستا وەک سەرچاوەی هەمو زانیارییەکان نابیندرێت. بابەتی فێربونی زمان شتێکی هاوشێوەی خلیسکانێی سەر بەفر و فێربونی مۆسیقایە. کەسێک بیەوێت فێری خلیسکانەی سەر بەفر بێت، پێویستی بەوە نییە پێکهاتە کیمیاییەکانی بەفر بزانێت و هۆکارەکانی خلیسکانی مادەکانی لەسەر یەک بۆ ڕون بکرێتەوە، هێندەی ئەوەی کە پێویستی بەوەیە کە بەکردار کارەکە ئەنجام بدات و فێر ببێت. فێربونی زمانیش بە هەمان شێوەیە، تەنیا ڕێگە بۆ فێرکردنی کەسێک کە چۆن بە زمانێک قسە بکات ئەوەیە کە ئەو بەو زمانە قسە بکات (Gattegno, 1972).

ئامانج لەم میتۆدە بۆ هاوکاریکردنی خوێندکارە بۆ ئەوەی لە ئاستی سەرەتاییەوە بگاتە ئاستێکی پێشکەوتوی زمان. بابەتی گرنگ لێرەدا توانای خوێندکارە بۆ ئەوەی فێر ببێت کە چۆن دەربڕینەکانی خۆی بگەیەنێت. خوێندکار دەبێت بتوانێت کە بیرۆکەکانی، هەستکردن و پێداویستییەکانی بە زمانی ئامانج بگەیەنێت. بۆ گەیشتن بەم قۆناغە، خوێندکار هان دەدرێت تا بەشێوەیەکی چالاک زمانی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و توانا ناوەکییەکانی خۆی بەدەر بخات.

ڕۆڵی مامۆستا لەم میتۆدەدا هاوشێوەی کاری ئەندازیارێک یان میکانیکێکە. کاری مامۆستا تەرکیزکردنە سەر خوێندکارەکانی و ئامادەکردنی چالاکییە بۆ ئەوەی یارمەتی خوێندکارەکانی بدات. گاتێگنۆ پێی وایە کە دەبێت مامۆستا تەنیا لە کاتی پێویستدا یارمەتیی خوێندکار بدات بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکاری کپکردنەوەی توانا ناوەکییەکانی خودی خوێندکار (Brien, 2000 & Brennan).

مەبەستی ئەو لێرەدا ئەوەیە کە دەبێت مامۆستا هەمیشە کاتی پێویست بداتە خوێندکارەکانی بۆ ئەوەی هەڵەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە، تەداخولکردنی مامۆستا لە دوای ئەو کاتەوە داوا کراوە. هەروەها نابیت مامۆستا ڕەخنەی توند لە خوێندکار بگرێت کە ببێتە هۆی کپکردنەوەی توانا کەسییەکان و شاردنەوەیان لە ترسی ئەوەی نەوەک هەڵە بن. بە دیوێکی دیکەدا مەبەست ئەوەیە؛ کە کەشێکی دەرونیی تەواو بڕەخسێندرێت کە خوێندکار متمانە بە هەست و بیرۆکەکانی خۆی بکات و شەرم لە دەربڕینیان نەکات. ئەو مامۆستایانەی کە دەیانەوێت ئەم میتۆدە بەکار بێنن لە پرۆسەی فێرکردندا، پێویستیان بە ڕاهێنان و تێگەیشتنە لە 'ئاگایی' و 'ڕەنگەکان' کە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ شتێک (Brien, 2000 & Brennan). ئەم ڕێگایەی کە لەم میتۆدە بەکار دێت؛ تواندرا سودی لێ وەربگیرێت بۆ فێرکردنی ئەو کەسانەی کە کەڕن و هەستی بیستنیان نییە، ئەوەش بەهۆی ڕەنگا و ڕەنگیی ئەو کەلوپەلانەی کە بەکار دێن (Cross, 1977).

هەر خوێندکارێک بەر لەوەی بێتە ناو پۆل کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە سیستەمی زمان کە لە زمانی دایکییەوە سەرچاوە دەگرن هەیە. مامۆستا وەبەرهێنان لەو زانیارییانەی خوێندکاردا دەکات و هەمیشە لە زانیاریی زانراوەوە دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی زانیارییە نەزانراوەکان ڕون بکاتەوە. سەرەتا خوێندکار بە خوێندنی سیستەمی دەنگیی زمانی ئامانج دەست پێ دەکات، بە تایبەت ئەو دەنگانەی کە هاوبەشن لەگەڵ زمانی دایکی. هەروەها دەنگەکان بە ڕەنگی جیاواز دەنەخشێندرێن و بە هێلکارییەکی دەنگ و ڕەنگ پیشان دەدرێن. دوای ئاشنابون بە دەنگە هاوبەشەکانی نێوان زمانی دایکی و زمانی ئامانج، دەنگە نوێیەکان لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە بە خوێندکار ئاشنا دەکرێن. پاشان، شێوەی ئەلفبێ فێری خوێندکار دەکرێت. هەمو ئەم پرۆسەیەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ نوسین، خوێندنەوە و گۆکردن بە زمانی ئامانج.

لەگەڵ ناساندنی بابەتی نوێ، ئەو بابەتانەی، کە لە وانەکانی پێشو خوێندراون بە بیری خوێندکار دەهێندرێنەوە. مامۆستا بەرپرسە لە هێنانە پێشەوەی کۆمەڵێک بابەت، کە خوێندکار هان بدات بیر لە بابەتی نوێ بکاتەوە؛ بۆ نمونە مامۆستا لەوانەیە داوا لە خوێندکار بکات کە پلانەکانی بۆ ساڵی ئاییندە بنوسێت. بەمجۆرە خوێندکار هان دەدرێت تا بیر لە دەمەکانی کردار بۆ داهاتو بکاتەوە. هەروەها دامەزرێنەری ئەم میتۆدە هەڵبژاردنی وشەی بەلاوە زۆر گرنگە و داوا لە مامۆستا دەکات کە وشە سەرەکی و زۆر بەکارهێندراوەکان فێری خوێندکار بکات و تیشکی زیاتریان بخرێتە سەر. لەم میتۆدە دا، وەرگێڕان و دوبارەکردنەوە گرنگیان پێ نادریت و پشتگوێ دەخرێن، جێگای ئەمانە بە گفتوگۆ لەسەر بابەتی ڕۆژانە و مانادار پڕ دەکریتەوە. بۆ نمونە لە وانەیەک، کە تێیدا گرنگی بە کەلوپەلەکانی ماڵ بدات، مامۆستا زمانی ئاماژە بەکار دەهێنێت بۆ تێگەیاندنی خوێندکار، نەک ئەوەی پەنا بباتە بەر وەرگێڕان. هەر لەسەرەتاوە، گرنگی بە گوێگرتن، خوێندنەوە، ئاخاوتن و نوسین دەدرێت، هەرچەندە خوێندکار هەنگاوی یەکەم فێر دەکرێت، کە شتەکان بڵێت. دواتر فێری خوێندنەوەی وشەکان دەکرێت.

ڕیچارد و ڕۆدریگز (١٩٩٩، :١٠٠) لە پەرتوکەکەیاندا ئاماژەیان بۆ قسەیەکی بنجامین فرانکلین کردووە بۆ پاڵپشتیی لایەنە باشەکانی ئەم میتۆدە، کە دەڵێت؛

پێم بڵێ، منیش لە بیری دەکەم،

فێرم بکە، منیش بە بیرم دێتەوە،

بەشداریم پێ بکە و منیش فێر دەبم.

لە لایەنە باشەکانی ئەم میتۆدە؛ یەکەم، بەکارهێنانی شتەکان لە پرۆسەی فێرکردندا. خوێندکار دەبێت خاڵ بە خاڵ خۆی بەرەو پێشەوە ببات و تەواوی ڕیزبەندییەکە لە مێشکی خۆیدا بهێڵێتەوە. بەگوێرەی توێژینەوەکان، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ پرۆسەی فێرکردن. دووەم، بەکارهێنانی هێڵکاریی وشەکان خوێندکار ڕزگار دەکات لە لەبەرکردنی وشەکان و سەربەخۆیانەتر ڕەفتار دەکات. ئەمەش وا دەکات کە مامۆستا ڕۆڵی پێدانی فیدباک بگرێتە ئەستۆ. لەم ڕێگایە، ڕۆڵی مامۆستا زیاتر ڕۆڵێکی لاوەکی دەبێت (Brien, 2000 & Brennan). بێگومان ئەم میتۆدەش دور نییە لە ڕەخنە. سەرباری ئەو لایەنانەی باسمان کرد، هەندێک لە زمانەوانان ئاماژە بەوە دەدەن، کە زمانەوانی لەم میتۆدەدا هەتا ئەندازەیەک پشتگوێ خراوە و کەمتر کاریگەریی زمانەوانی لەسەر میتۆدەکە بەدی دەکرێت. هەروەها، بۆ گونجاندنی زیاتری میتۆدەکە لەگەڵ زمانەوانی، دەکرێ کەلوپەلە سەرەکییەکانی میتۆدەکە بگۆڕدرێت بۆ کەلوپەلی دیکەی گونجاوتر (Stevick, 1974).

سەرباری لایەنە لاوازەکانی میتۆدەکە لەکاتی بەکارهێنانیدا، دەکرێت بگوترێت ئەم میتۆدەش هاوشێوەی بەشێک لە میتۆدەکانی دیکە کۆمەڵێک لایەنی ئەرێنی هەیە. ئەم لایەنە ئەرێنییانە لەوانەیە سود بە مامۆستای فێرکردنی زمان بگەیەنن. شارەزابون لە میتۆدەکە، هانی مامۆستا دەدات کە ڕۆڵی ناوەندێتیی خۆی لە پۆلدا کەم بکاتەوە و گرنگیدان بە خوێندکار زیاد بکات. لە ڕاستیدا ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکانی جیاوازیی نێوان سیستەمی پەروەردەی تەقلیدی و سیستەمی پەروەردەی مۆدێرنە.

### ٤. میتۆدی فێربونی زمان بە کۆمەڵ ‘Community Language Learning’

میتۆدی فێربونی زمان بە کۆمەڵ پشت دەبەستێت بە خواستەکانی خوێندکار بۆ فێربونی ئەو بابەتانەی کە لە زمانی ئامانجدا ئارەزویان دەکات. میتۆدەکە لەسەر بناغەی ڕێبازی ڕاوێژکاری 'Counselling-approach' دامەزراوە، کە مەبەست لێی ئەوەیە؛ مامۆستا وەک سەرپەرشتێک و ڕێکخەرێکی زمان 'counselor' و خوێندکاریش وەک ئارەزومەندێکی بەشدار 'client' لە پرۆسەی فێرکردنەکەدا خۆیان دەردەخەن. لەم میتۆدەدا گرنگیی زۆر دەدرێت بە هەستی تاک بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی گروپ و کۆمەڵگای خوێندندا خۆی بگونجێنێت (Tamura, 1983:19). بەگشتی بابەت گەلێکی دیاریکراو و وانەی ئامادەکراو بونی نییە بۆ ئەوەی مامۆستا و خوێندکار پێوەی پابەند بن.

بەڵکو ئەو ئەرکە سپێردراوە بە خودی خوێندکارەکان و ئەوان دەبێت ئەو بابەتە دیاری بکەن، کە هەڵی دەبژێرن بۆ فێربون(Nurhasanah, 2015).

ئەم میتۆدە لە لایەن چارلس ئارسەر کوران ‘Charles Arthur Curran’ و یاریدەدەرەکانییەوە گەشەی پێ دراوە. کە خۆی وەک پرۆفیسۆرێکی بواری دەرونزانی لە زانکۆی لۆیالا لە شیکاگۆ کاری دەکرد (La-Forge, 1971:56). لە بوارەکەی خۆیدا میتۆدی فێربونی ڕاوێژکاری ‘Counseling-Learning’ پەیڕەو دەکرد (Nurhasanah, 2015:84). هەروەها فێرکردنی زمان بە کۆمەڵ بەرهەمی هەمان میتۆدی دەرونزانی و جێبەجێ کردنیەتی لەسەر زمان. ئەم میتۆدەش هەندێکجار هاوشێوەی میتۆدی ڕاستەوخۆ، کە یەکێکە لە میتۆدە تەقلیدییەکان و میتۆدی بێدەنگ بۆ فێرکردنی زمان وەک یەکێک لە میتۆدە مرۆڤایەتییەکان دەناسرێت.

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری میتۆدەکە، دەکرێ بەم شێوەیە نمونەی پۆل لەم میتۆدەدا باس بکرێت؛ کۆمەڵێک خوێندکار بە شێوەی بازنەیی دانیشتون لە کاتێکدا مامۆستا لە دەرەوەی ئەم بازنەیە وەستاوە. یەکێک لە خوێندکارەکان دەربڕینێک بە زمانی دایکی دەڵێت و مامۆستا هاوکار دەبێت و بۆی وەردەگێڕێت بۆ زمانی ئامانج. خوێندکارەکە دەربڕینەکە بە زمانی ئامانج دوبارە دەکاتەوە؛ خوێندکارەکانی دیکە دەربڕینی زیاتری بۆ دەخەنە سەر (Richards & Rodgers, 1999:113). بەگشتی، گفتوگۆی نێوان خوێندکارەکان بە زمانی ئامانج دەبێت، نەک بە زمانی دایکی. ئەگەرچی زمانی دایکی بەکار دێت بۆ ئەوەی وەک دەرچەیەک خوێندکار لێیەوە داخلی ناو گفتوگۆکە ببێت.

کوران خۆی کەمێکی دەربارەی میتۆدی فێربونی زمان بە کۆمەڵ نوسیوە. بەڵام یەکێک لە خوێندکارەکانی بە ناوی لا فرۆگێ ‘La Forge’ هەوڵی دا کە چوارچێوەی میتۆدەکە دیاری بکات. هەر بۆیە کارەکانی خوێندکارەکەی زۆر پشتیان پێ دەبەسترێت. لا فۆرگێ زمان وەک زمان بۆ پەیوەندی جیا دەکاتەوە لە زمان وەک پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی. ئەو پێی وایە کە زمان وەک پەیوەندی لەوە زیاترە کە تەنیا گوتنی دەربڕینێک لە ئاخێوەرەوە بۆ گوێگر بێت. بەبۆچونی ئەو، ئاخێوەر لە هەمان کاتدا بکەر و کارتێکراویشە. بەکورتی، ئەو ئەم میتۆدە وا دەناسێنێ کە خوێندکار بە مامۆستاکەی دەڵێت کە چی دەخوازێت بۆ ئەوەی بە زمانی ئامانج گۆی بکا، مامۆستاکەشی ئەوەی فێر دەکات کە خوێندکار دەیخوازێت. بەڵام دواتر ئەم پەیوەندییەی نێوان مامۆستا و خوێندکار قۆناغ بە قۆناغ دەگۆڕێت (La-Forge, 1971). تەنانەت لێرەدا، چەمکی مامۆستا وەک ڕابەری پۆل گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەر وەک تامورا (١٩٨٣) پێی وایە کە لەم میتۆدەدا مامۆستا بونی نییە، تەنیا کەسێک وەک سەرچاوەی زانیاری بونی هەیە. کە زیاتر مەبەستی لەوەیە لەم میتۆدەدا خوێندکار ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێت نەک ئەو کەسەی کە زانیارییەکان دەبەخشێت.

کوران فێرکردن بەگشتی لە دو شێوازدا دەبینێتەوە؛ یەکەم، فێربونی قبوڵکراوی گشتی ‘Putative learning’ و دووەم فێربونی توتی 'ئاژەڵی' ‘Animal learning’ (Richards & Rodgers, 1999:117).

فێربونی قبوڵکراوی گشتی ئەم جۆرە فێربونەیە کە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا باوە، لەم ڕێگایەدا گرنگی بەو بابەتانە دەدرێت کە بەگشتی پەسەند کراون و هەمووان دەتوانن بەشداری تێدا بکەن، نەک ئەوەی بابەتێکی تایبەت بە کەسێک بێت.

فێربونی توتی ئەم جۆرە فێربونەیە کە تێیدا خوێندکار ڕۆڵێکی ناچالاک دەگێڕێت و سنوری بەشداریکردن لە پرۆسەی فێرکردندا دیاری کراوە. مەبەست لەوەیە کە لێرەدا، خوێندکار ڕۆڵی کارای نییە و تەنیا ئەو شتانە دوبارە دەکاتەوە کە داوای لێ دەکرێ بۆ ئەوەی دوبارەیان بکاتەوە.

لە بەرامبەردا، کوران شێوازی پەسەندکراوی خۆی پێشنیاز دەکات و پێی وایە کە میتۆدی فێربونی زمان بە کۆمەڵ میتۆدێکی ڕاستەقینەی فێربونی زمانە لە ڕوی درککردن و کاریگەرییەوە. ئەمەش بە فێربونی خودیی تەواو ‘Whole-person learning’ ناوزەند کراوە، کە تێیدا خوێندکار و مامۆستا بە تەواوی هەست و زانیارییەکانیانەوە بەشدار و چالاکن لە پرۆسەکەدا (Richards & Rodgers, 1999:117). هەروەها، کوران وەک ڕێگر سەیری زمانی دایکی ناکات، بەڵکو وەک ڕێنوێنیکەرێک سەیری دەکات، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ فێربونی زمانی دووەم (La-Forge, 1971:54).

بە بڕوای ڕیچاردز و ڕۆجەرز (١٩٩٩) ئەم میتۆدە پرۆسەی فێرکردن دابەشی سەر پێنج قۆناغی سەرەکی دەکات؛ یەکەم، پێی دەگوترێت قۆناغی لەدایکبون، هەستی ئاسایش و خاوەنداری لای خوێندکار پەرەی پێ دەدرێت. دووەم، خوێندکار وەک منداڵێک، دەست دەکات بە وەرگرتنی ڕێژەیەک لە سەربەخۆیی لە مامۆستا، کە هەمان ڕۆڵی دایک و باوکی منداڵێک دەگێڕن. سێیەم، خوێندکار بە سەربەخۆیی قسە دەکات و دەخوازێت جێ پەنجەی خۆی بەسەر بابەتەکانەوە دیار بێت. چوارەم، لێرەدا خوێندکار ئامادە کراوە بۆ ئەوەی ڕەخنە بگرێت و هەڵسەنگاندن بکات. لە قۆناغی کۆتاییدا، خوێندکار هەوڵ دەدەت کە شێواز و زانیارییە زمانییەکانی خۆی گەشە پێ بدات. ئیتر، منداڵەکە بووە بە گەنج و هەموو ئەو شتانە دەزانێت کە مامۆستاکەی دەیزانێت. ئەویش لە توانای دایە ببێتە مامۆستای خوێندکارێکی نوێ. ئەگەر سەیری ئەم پرۆسەیە بکەین تێ دەگەین کە بنیاتنەرانی ئەم میتۆدە، پرۆسەی فێرکردنی زمان هاوشێوەی پرۆسەی لەدایکبونی منداڵێک و قۆناغەکانی گەورەبونی وێنا دەکەن. بەمجۆرە پرۆسەی فێرکردن وەک پرۆسەیەکی دابڕاو نابینن. بەڵکو وەک بەشێک لە ژیان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانی دەبینن. پێیان وایە کە ئەم پرۆسەیە هەم کاریگەری دروست دەکات و هەم کاریگەر دەبێت بە ژینگەی دەوروبەرەوە(La-Forge, 1971) .

دەربارەی شێوازی ڕەخساندنی باشترین ژینگە بۆ فێربونی زمان، کوران ئەکرۆنیمی ‘SARD’ ی خستە ڕو (Richards & Rodgers, 1999:102)، کە کورتکراوەی ئەم حاڵەتانەیە؛ ‘S’مەبەست لە ‘Security’ یە. هەتا ئەو کاتەی کە خوێندکار هەست بە ئارامی و ئاسایش نەکات ناتوانێت بە سەرکەوتویی دەست بە قۆناغی فێربون بکات. مەبەست لە ‘A’ ‘Attention and Aggression’ ە. ئەم تیۆرە پێی وایە کە ئەو کاتەی خوێندکار تەرکیزی لەدەست دەدات ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە پرۆسەکەدا ناچالاکە. هەر وەک چۆن منداڵ کاتێک شتێک فێر دەبێت و لە هەڵێک دەگەڕێت هەتا

ئەوەی فێری بووە پیشانی دەوروبەرەکەی بدات و وەک توانای خۆی بیخاتە ڕو. بەهەمان شێوە، کاتێک خوێندکار شتێک فێر دەبێت، دەبێت ڕێگای بۆ خۆش بکرێت بۆ ئەوەی زانیارییە نوێیەکانی بەکار بێنێت. مەبەست لە 'R' 'Retention and Reflection' ە. ئەگەر خوێندکار بەتەواوی چوبێتە ناو پرۆسەی فێربونەوە، هەمو ئەو شتانەی کە ئامانجن دەبنە بەشێک لە کەسایەتییە نوێکەی خوێندکار. خوێندکار بە هۆی ئەندێشەکانی خۆیەوە دەزانێت کە لە کوێدا پێویستی بە بێدەنگی و تەرکیزی تەواو و فێربونە و لە کوێشدا پێویستە تواناکانی خۆی نیشان بدات و ئامانجەکانی داهاتووی دەستنیشان بکات. مەبەست لە 'D' 'Discrimination' ە. لێرەدا خوێندکار بابەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پۆلێنیان دەکات. لە ئەنجامدا توانستی بەکارهێنانی زمان لە ژیانی ڕۆژانە و دەرەوەی پۆل بەدەست دێنێت.

کەواتە دەکرێت بڵێین؛ کە کوڕان و خوێندکارەکەی لا فۆرگێ بە تەواوی لە ڕوانگەیەکی دەرونزانییەوە سەیری بابەتی فێرکردنی زمانیان کردووە. بنەماکانی ئەوان بۆ فێربونی زمان هەرەمی پێداویستییەکانی مرۆڤمان بیر دەخاتەوە، کە ماسلۆ لە بواری دەرونزانی خستویەتییە ڕو. هەرچەندە کۆمەڵێک جیاوازی بنەڕەتیش دەبیندرێت لە نێوان ئەم دوانەدا. بە هەمان شێوەی پلەبەندیی پێداویستییەکانی ماسلۆ، کوڕان و خوێندکارەکەی پلەبەندییان بۆ پرۆسەی فێرکردنی زمان کردووە. هەرەمی پێداویستییەکانی مرۆڤ کە ماسلۆ خستییە ڕو، پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان بە داواکاریی یەکەمی مرۆڤ دەزانێت. دوای ئەوەی مرۆڤ لەم شتانە تێر بو بە نمونەی خواردن و سێکس و خەوتن، خواستەکانی بەرزدەبێتەوە و داوای ئاساییش و ئارامی دەکات. ئنجا پلەی خۆشەویستی و خاوەنداریێتی دەست پێدەکات. لە قۆناغی چوارەمدا ستایشکردنی خود و ئەوانی دیکە هەیە. لە دوا قۆناغیشدا کە دەکەوێتە سەرەوەی هەرەمەکە داهێنان و بەرهەمەکانی خود هەیە. مەبەست لەم هەرەمە ئەوەیە کە مرۆڤ شتەکان بە قۆناغ تێ دەپەڕێنێ، ئەگەر ئاساییشی نەبێت زۆر زەحمەتە بتوانێت داهێنان بکات یان خۆشەویستی دەرببڕێت و وەربگرێت(Jerome, 2013) .

بەگشتی ئەم میتۆدە بۆ فێرکردنی زمان لە بواری ئاخاوتندا بەکار دێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بە کۆمەڵێک دەستکارییەوە، دەتواندرێت بۆ لایەنەکانی دیکەی زمانیش سودی لێ وەربگیردرێت. شێوازەکانی فێرکردن و چالاکییەکان خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە؛ وەرگێڕان، کارکردن لەگەڵ گروپ، تۆمارکردن، شیکردنەوە، ڕەنگدانەوە و ڕونکردنەوە، گوێگرتن و گفتوگۆی ئازاد (Richards & Rodgers, 1999). هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی ئەم میتۆدەیە وای کردووە کە میتۆدەکە زۆر سەرکەوتو بێت لە چالاککردنی زمان لە مێشکی ئەو خوێندکارانەی کە زمان بە ڕێگا تەقلیدییەکان فێربون، بەڵام ناتوانن ئەوەی دەیزانن بەکاری بێنن (Tamura, 1983:19). ئەگەر ئەمە لەگەڵ خوێندکارانی کورد بگونجێنین، دەکرێت بگوترێت کە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لە هەرێمی کوردستاندا بناغەیەکی هەیە لە مێشکی خوێندکاراندا، بەڵام بە هۆی بەکارنەهێنانی میتۆد، یان بەکارهێنانی میتۆدی هەڵە، کەمترین خوێندکار بەم زمانانە قسە دەکەن. بۆیە ئەگەر ئەم میتۆدە لەسەر

ئەو خوێندکارانە تاقی بکرێتەوە. لەوانەیە ببێتە هۆی چالاککردنی زانیارییە زمانەوانییەکانی ناو مێشکی ئەم خوێندکارانە.

لەم میتۆدەدا خوێندکار وەک تاکێک لە کۆمەڵگەی فێربوندا دەبیندرێت. فێربون وەک بابەتێکی تایبەت بە تاک سەیر ناکرێت. بەڵکو وەک بابەتێک، کە لە ئەنجامی کاری هاوبەشەوە تاک دەتوانێت پێی بگات، سەیر دەکرێت. لە خوێندکار داواکراوە، کە ڕۆڵی ڕاوێژکارێک ببینێت بۆ خوێندکارەکانی هاوڕێی. بەگشتی لەم میتۆدەدا ژمارەی خوێندکارەکان دەبێت لە نێوان ٦-١٢ خوێندکاردا دابێت، کە بەشێوەی بازنەیی دادەنیشن و یەک مامۆستا سەرپەرشتی هەمو گروپەکە دەکات. لە هەندێک حاڵەتدا هەر خوێندکارێک مامۆستای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەرچی دەکرێ گروپەکان گەورەتریش بن و لەناو پۆلدا خوێندکارەکان بەسەر گروپی بچوکتر دابەش بکرێنەوە، بۆ نمونە گروپی دو کەسی. پرۆسەی فێربون تایبەتمەندە بە تەواوی کەسەکەوە و تەنیا نەبەستراوەتەوە بە فێربونی زمانەوە. خوێندکار بە قۆناغ بە پرۆسەی فێرکردندا دەڕوات هەر وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ قۆناغەکان کرد کە وەک منداڵ لە گڕوگاڵەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە مرۆڤێکی زمان پاراو. پاش تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە ئەم میتۆدە هاندەرە بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت لە پۆلدا بەشداری بکات، ئەگەرچی لە کاتی ئاخاوتندا هەڵە و کەموکوڕیی زۆری دەبێت، بە تایبەت لە دەستپێکی کۆرسی زماندا (Nurhasanah, 2015).

هەروەها لەم میتۆدەدا، مامۆستا ڕۆڵی ڕاوێژکارێک دەبینێت کە خوێندکارەکانی کێشەی فێربونی زمانیان هەیە و ڕاوێژکار بە شێوەیەکی هێمن و دور لە هەڵچون، هاوکاریی خوێندکار دەبێت بۆ تێگەیشتنی تەواو (Tamura, 1983). خوێندکار دەتوانێت پەیوەندیی دو قۆڵیشی لەگەڵ مامۆستا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر کێشەکانیدا زاڵ ببێت.

سەبارەت بە پەرتوکی مەنهەج، بەگشتی لەم میتۆدەدا گرنگیی زۆری پێ نادرێت و زیاتر جەخت لەسەر ویستی خوێندکار بۆ هەڵبژاردنی بابەت دەکرێتەوە(La-Forge, 1971) .

بەمجۆرە دەکرێت بگوترێت کە خەسڵەتی سەرەکیی میتۆدی فێربون بە کۆمەڵ خۆی دەبینێتەوە لە بەچەقکردنی خوێندکار و کەمکردنەوەی ڕۆڵی مامۆستا. هەروەها، نەبونی مەنهەج یەکێکی دیکەیە لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم میتۆدە. پەیڕەوانی میتۆدەکە لەسەر ئەوە کۆکن کە خوێندکار خۆی لە هەمو کەس باشتر دەزانێت کە دەیەوێت چی فێر ببێت. پڕۆسەی فێربونی زمانیش بە کۆمەڵ ئاسانکردنی ئەو خواستەی خوێندکارە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی گونجاودا بتوانێت خواستەکانی خۆی بەدی بهێنێت و بە ئامانجەکانی بگات.

**تەوەری دووەم**

**٢-١. میتۆدی پەیوەندیی کارا بۆ فێرکردنی زمان ‘Communicative Language Teaching Method’**

ئەگەر لە زۆرینەی مامۆستایانی ئەم سەردەمەی فێرکردنی زمان دەربارەی میتۆدە جیاوازەکان بپرسین، بێگومان هەڵبژاردەی زۆرینەیان میتۆدی پەیوەندیی کارا دەبێت، کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە بواری پێشخستنی فێربونی زمان (Richards J. C., 2006). هەر لەسەر بنەمای سەرکەوتنەکانی ئەم میتۆدەیە، کە لەم توێژینەوەیە گرنگی زیاترمان بۆ میتۆدی پەیوەندیی کارا دەبێت بەبەراورد بە میتۆدەکانی دیکە.. مێژوی میتۆدی پەیوەندیی کارا دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردو، کە لەو کاتەدا قوتابخانە ئەمریکییەکان هەوڵی چاکسازییان دەدا لە بواری فێرکردنی زماندا. بەشێکی ئەم نوێکردنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەکانی زمانەوانی ئەمریکی نیۆم چۆمسکی، کە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کارەکیدا، لە پەرتوکەکەی بە ناوی بونیادە ڕستەییەکان ‘Syntactic Structures’ (١٩٥٧) خستییە ڕو. چۆمسکی پێی وابو کە ئەو میتۆدانەی لە فێرکردنی زماندا بەکاردێن کەموکوڕیان هەیە و ناتوانن بەمشێوەیە بەردەوام بن، چونکە شێوازی دۆزینەوەی ڕستەی نوێ و تایبەتمەندییەکانی ڕستەی سەربەخۆ فێری خوێندکار ناکەن(Chomsky, 2002) . لەپاڵ چۆمسکیدا، زمانەوانە بەریتانییەکانیش ئەوەیان دەستنیشان کرد کە میتۆدێکی نوێ پێویستە بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە پەیوەندیکردن بدات.

گفتوگۆکردنی پەیوەندیی کارا وەک میتۆدێک دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان، بە تایبەت توێژینەوەکەی کاندلین لە کۆنفرانسی ‘IATEFL’ لە لەندن، کە لەژێر ناوی 'زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و فێرکردن بە میتۆدی پەیوەندیی کارا' ‘Sociolinguistics and communicative language teaching’ بو، کە لە ساڵی ١٩٧١دا پێشکەش کرا (Brumfit, 1986:vii) هۆکارێکی دیکە بۆ پێشکەوتنی ئەم میتۆدە گۆڕانی تەواوی سیستەمی خوێندن و شێوازی دەوڵەتداری بو لە ئەوروپا، کە پێویستی بە میتۆدێکی نوێ بو بۆ ئەوەی گەنجە ئەوروپییەکان بتوانن بەردەوامی بە ڕۆڵی پێشەوایەتیی خۆیان بدەن. پێشکەوتنی ئەوروپا وای کرد کە زۆر بە زویی میتۆدی پەیوەندیی کارا لە چوارچێوەی میتۆدێک دەربچێت، هەر بۆیە ئێستا زۆرێک لە ئەمریکی و ئەوروپییەکانیش ئەمە وەک ڕێبازێک ‘approach’ دەبینن نەک وەک میتۆدێک ‘method’. چونکە میتۆدی پەیوەندیی کارا زۆر بواری جیاجیا لەخۆ دەگرێت و بیروبۆچونی جۆربەجۆر دەگرێتەوە و هاوشێوەی میتۆدەکانی پێشتر تایبەت نییە بە کەسێکی دیاریکراو (Matamoros-González, et al., 2017:968). هۆوات دو جۆری پەیوەندیی کارا جیادەکاتەوە کە ئەو بە پەیوەندیی کارای لاواز و پەیوەندیی کارای بەهێز ناویان دەبات. بە بڕوای ئەو، پەیوەندیی کارای لاواز شێوازە ناستانداردەکەیە کە خوێندکار فێری بەکارهێنانی زمان دەکات، لەکاتێکدا پەیوەندیی کارای بەهێز خودی زمان بەکار دەهێنێت بۆ فێربون (Rodgers, & Richards 1999). بۆ نمونە ئەگەر پەرتوکێکی فێرکردنی زمانی کوردیمان هەبێت، بۆ شێوازە لاوازەکە لەوانەیە

ناوی بنێین؛ فێربون لە پێناو بەکارهێنانی کوردی. لە کاتێکدا لە شێوازە بەهێزەکە ناوەکە دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی کوردی لە پێناو فێربون.

لەگەڵ دەرکەوتنی میتۆدی پەیوەندیی کارا، بە تایبەت دوای بۆچونەکانی چۆمسکی دەربارەی سروشتی زمان، گفتوگۆیەکی زۆر دەربارەی بیرۆکەکانی چۆمسکی کرا، بە تایبەت لەسەر هەردو چەمکی توانست 'Competance' و کارامەیی 'Performance'، کە چۆمسکی بەکاری هێنابون.

### ٢-١-١. توانست و کارامەییی ئاخاوتن لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا

بناغەی سەرەکیی ئەم میتۆدە لە سەیرکردنی زمان وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن سەرچاوە دەگرێت. چالاکییەکان بە جۆرێک ڕێکخراون کە هانی خوێندکاران بدەن بۆ ئەوەی ڕاهێنانی ئاخاوتن بکەن (Matamoros-González, Rojas, et al., 2017:969). ئەگەرچی چۆمسکی دەستپێشخەریی هێنانەپێشەوەی ئەم تێگەیشتنە نوێیە بو بۆ ناو زمانەوانی، بەڵام ڕەخنە لە خودی بۆچونەکانی چۆمسکیش گیرا و لە لایەن چەند زمانەوانێکی دیکەوە گەشەیان پێ درا. بە گوێرەی بۆچونی هایمس، مەبەست لە پێشخستنی زمان، پێشخستنی توانستی پەیوەندیی کارایە. هەر بۆیە بۆچونەکانی هایمس تا ڕادەیەک دژیەکە لەگەڵ چۆمسکی، کە دەربارەی توانستی زمان قسە دەکات و باس لە ئاخێوەر و گوێگر دەکات لە چوارچێوەی ئاخاوتندا (Rodgers & Richards, 1999). چۆمسکی توانستی زمان لە زانینی سیستەمی زمان و یاسا ڕێزمانییەکان بچوک دەکاتەوە، لە کاتێکدا هایمس زۆر فراوانتر سەیری ئەو بابەتە دەکات. ئەو کەسەی توانستی پەیوەندیی کارای هەیە لە زمانێکی دیاریکراودا، دەبێت بتوانێت کە خواست و پێداویستییەکانی دەرببڕێت، خەونەکان و بیرۆکەکانی بە زمانێکی پاراو بخاتە ڕو. چۆمسکی دەربارەی توانستی پەیوەندیی کارا دەڵێت؛ توانستی پەیوەندیی کارا سیستەمێکی زانیاریی زمانییە، کە لەلایەن ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراوەوە بەرهەم دەهێندرێت. ئەمەش جیاوازە لە کارامەیی و ئاخاوتن، کە ڕێگایەکە تێیدا سیستەمی زمان لە ئاخاوتندا بەکار دێت. بەبۆچوونی چۆمسکی توانست سیستەمێکی زمانیی نمونەییە کە وا لە ئاخێوەرێکی زمان دەکات کە لە چوارچێوەی زمانەکەی خۆیدا ناکۆتا ڕستە بەرهەم بهێنێت و لە ناکۆتا ڕستە تێ بگات. هەروەها، ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی لەیەکتر جیا بکاتەوە (Chomsky, 1965). کاتێک سەیری توانستی پەیوەندیی کارا لای چۆمسکی دەکەین؛ دەبینین کە تاڕادەیەکی زۆر بە ڕێزمانەوە گرێ دراوە. هەر بۆیە بۆچونەکەی چۆمسکی لەلایەن ڕەخنەگرانی زمانەوانییەوە هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ کرا. بەتایبەت بەکارهێنانی 'کارامەیی' وەک چەمکێکی گشتی بۆ داپۆشینی هەمو ئەو چەمکانەی ناچنە خانەی توانستەوە. جۆن لیۆن ئەم بۆچونەی چۆمسکی بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە (Lyons, 1977:568). هەروەها چەندین زمانەوانی دیکەش کە لەم بوارە کار دەکەن، ڕەخنەیان لە بۆچونەکانی چۆمسکی گرتووە(Savignon, 1972) (Hymes, 1972) (Swain & Canale, 1980).

چۆمسکی پێی وایە کە زمانەوانی بونی نییە هەتا ئەو کاتەی کە سنورێکی دیاریکراو نەکێشرێت لەنێوان کارامەیی و توانستدا، کە لەمێشکدا هەن و ئاخاوتن بەرهەم دەهێنن (Chomsky, 1965).

هایمز پێی وایە کە تەنیا توانست بەس نییە بۆ ئەوەی ئاخێوەری زمان سەرکەوتو بێت لە بەکارهێنانی زماندا وەک چۆمسکی ئاماژەی بۆ کردووە. چونکە زمان پێویستی بە کەلتور و لایەنە کۆمەلایەتییەکانیش هەیە (Hymes, 1972). هەر لەسەر ڕەخنەکانی هایمز و پشتگوێخستنی کەلتور لە زماندا، هەردو زمانەوان 'کەنال و سوەین' لە بارەی توانستی پەیوەندیی کاراوە 'Communicative Competence' دەڵێن کە ئەمە هاوسەنگییەکە لەنێوان توانستی ڕێزمان، توانستی زمانەوانیی کۆمەلایەتی و دەربڕینە وشەیی و ناوشەییەکان (Canale & Swain, 1980). ئەمەش بە واتای ئەوەی کە ئاخێوەرێکی زمان، دەبێ توانستی کۆکردنەوەی هەمو ئەمانەی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت زمانی دووەم بە سەرکەوتویی بەکار بهێنێت. زمانەوانی ئینگلیز، کە بیرۆکەکانی بەشێکن لە بناغەی میتۆدی پەیوەندیی کارا بۆ فیربونی زمان، میشێل هالیدایە. هالیدای کاری هایمزی لە بواری توانستی پەیوەندیی کارا و فێربونی زمانی لای منداڵ تەواو کردووە و شی کردووەتەوە بۆ پێکهێنەرەکانی، کە دابەشی سەر ئەم حەوت بەشەی کردوە:

- زمان وەک ئامێر و بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بە شتەکان.
- بەکارهێنانی زمان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکە.
- بەکارهێنانی زمان بۆ ئاوێتەبون و تێکەلاوی لەگەڵ ئەوانی دیکە.
- بەکارهێنانی زمان بۆ دەربڕینی هەستە کەسییەکان.
- بەکارهێنانی زمان بۆ فێربون و دۆزینەوە.
- بەکارهێنانی زمان بۆ دروستکردنی بیرۆکە و خەیاڵ.
- بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی زانیاری (Richards & Rodgers, 1999).

فێرکردنی زمان بە گوێرەی میتۆدی پەیوەندیی کارا بە جۆرێک لە جۆرەکان هەمان ئەو خالانەی هالیدای لەخۆ دەگرێت. ئاخاوتنی زمانێک واتە هەبونی هەمو ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە لە کەسی ئاخێوەردا، نەک ئەوەی کە لایەنێکیان بەهێز بیت و لایەنەکانی دیکە لاواز بن. بە پشتبەستن بە ئەزمونی کەسیی خۆم لە بواری فێرکردنی زماندا، زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی کە فێری زمان دەبن لە سەرەتادا بۆیان زەحمەتە بە زمانی ئامانج بیر بکەنەوە، ئەوەش دەبێتە ڕێگرێکی گەورە لەبەر دەمیان. چونکە فێربونی زمان، بە تەنیا فێربونی ڕێساکانی زمانێک نییە، بەڵکو دەبێت خوێندکار تەنانەت فێری بیرکردنەوە و خەیاڵکردنیش ببێت بەو زمانە.

ئەگەر سەیری میتۆدکانی پێشتر بکرێت؛ ئەو ڕاستییە دەبیندریت کە زۆرینەی میتۆدەکان ناهاوسەنگن و ئاستێکی زمانیان بەسەر ئاستەکانی دیکەدا زاڵ کردووە، ئەمەش وا لە خوێندکار دەکات کە زمان بە ناهاوسەنگی فێر ببێت. هەر وەک لە دیدگای کەنال و سوەیندا ئاشکرایە، کە لە بەکارهێنانی زماندا، پەیوەندییە ناوشەییەکانیش هەر گرنگن و بەشێکن لە کەلتوری زمان. ئەگەر سەیری زمانی جەستە

بکریت وەک نمونەیەک، دەردەکەوێت کە ڕاستییەکی زۆر لەم بۆچونەدا هەیە و بەشێکی زۆری ئاماژە جەستەییەکان لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا جیاوازن. بۆ نمونە ئاماژە جەستەییەکانی هەردو زمانی کوردی و تورکی؛ ئاماژەی دو پەنجە بۆ سەرەوە '✌' لای کوردیی زمانەکان نیشانەی ئازایەتی و سەرکەوتن و ئاشتییە، لە کاتێکدا لە زمانی تورکیدا زۆر بە دەگمەن ئەم ئاماژەیە بەکار دێت. تورکەکان شێوەی گورگێک بە دەستیان دروست دەکەن وەک گەڕانەوەیەک بۆ مێژوی ڕەچەڵەکی تورک، کە بەهیچ جۆرێک ئاماژەیەکی لەم جۆرە لەناو کورددا بونی نییە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زمانەکان تەنیا لە وشە و ئاخاوتندا جیاواز نین، بەڵکو لە ئاماژەشدا جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە. واتا دەکرێت بە ئاخێوەرێک بگوترێت کە 'توانستی پەیوەندیی کارا'ی بە زمانێکی دیاریکراو هەیە، ئەگەر بتوانێت بەو زمانە قسەبکات و بزانێت کە بۆ کێ و بۆ چ مەبەستێک ئەم قسانە دەکات و ئاخاوتنەکەی لە چ بارودۆخێکدایە.

لە ئەنجامی ئەم شیکردنەوە و بۆچونانەی سەرەوە دەکریت بنەماکانی میتۆدی پەیوەندیی کارا بەمجۆرە کورت بکرێنەوە؛ یەکەم، بنەماکان و چالاکییەکانی پەیوەندیکردن کە لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێن دەبنە کارای یاریدەدەر بۆ پرۆسەی فێربون. دووەم، چالاکییە بابەتییەکان دەگرێتەوە کە تێیدا زمان بۆ بابەتی پڕ مانا بەکار دێت و ئەو بابەتانەش هاوکاری زمان فێر بونن. سێیەم، ئەگەر بابەتەکانی خوێندنی زمان پەیوەست بن بە ژینگەی کەسیی خوێندکارەوە، ئەوا هاوکار دەبێت بۆ فێربون. پرۆسە و چالاکییەکانی فێرکردن لەسەر ئەو بنەمایە هەڵ دەسەنگێندرێن کە ئایا تا چەند مانادارن بۆ خوێندکار. ئەمەش لە مەنهەجی پەیوەندیی کارادا گرنگی بەرچاوی پێ دەدرێت (Richards & Rodgers, 1999:72). بۆ نمونە؛ ئەگەر لە پرۆسەی فێرکردنی زمان بۆ کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆ لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، مامۆستای زمان بابەتی چۆنییەتی هەڵکەندنی بیرە نەوت و ئەو پرۆسانەی کە دەیبڕێت باس بکات و وەک کەرەسەی زمان فێربون بەکاریان بهێنێت، بێگومان کاریگەریی کەمتر دەبێت لەسەر پرۆسەی فێرکردن بە بەراورد بەوەی کە مامۆستا کۆمەڵێک وتووێژی سیاسی بکاتە بابەتی وانەکەی.

کەنال و سوەین (١٩٨٠) توانستی پەیوەندیی کارا لە چوار تایبەتمەندیدا کورت دەکەنەوە کە بریتین لە؛ توانستی ڕێزمان، توانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، توانستی گوتار و توانستی ستراتیژیی زمان. توانستی ڕێزمان هەمو بنەما ڕێزمانییەکانی زمانێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، هەر لە بوارەکانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە تا بچوکترین و گەورەترین پێکهاتە ڕێزمانییەکان. ئەم توانستە یاریدەدەرە بۆ خوێندکار بۆ ئەوەی بتوانێت زمانەکە بە پێکهاتە و ڕۆنانی دروستەوە بەکار بهێنێت. مەبەست لە توانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زانینی هەمو ئەو لایەنە کۆمەڵایەتی و کەلتورییانەیە کە لەلایەن ئاخێوەری زمانەکەوە دەزانرێن و کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەسەر زمان هەیە. هەروەک زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بڕوای وایە کە مرۆڤ بە تەنیا بە زانینی زمان ناتوانێت ئامانجەکانی لە زمانێکی دیاریکراودا بپێکێت و بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە زانینی دەستور و بنەما

کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی ئەو زمانەش هەیە. توانستی گوتار بە هەمان شێوە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان. دەبێت ئاخێوەری زمانێک بزانێت کە ئایا لە چوارچێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی قسەکانی دەکات. ئاخێوەری سەرکەوتو دەبێت گرنگی بە کات و شوێنی قسەکانی بدات بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت. توانستی ستراتیژیی زمان، ئەو تایبەتمەندییە کە لەڕێگایەوە ئاخێوەرێک کۆی زمان لە خزمەت گەیاندنی مەبەستەکانی خۆی بەکار دەهێنێت. ئەمە توانستی بەردەوامیدانە بە ئاخاوتن و ڕێگا خۆشکردنە بۆ ئەوانی دیکە و وەستانە لەو شوێنانەی کە پێویست دەکات ئاخێوەر تێیدا بوەستێت.

لەڕاستیدا بابەتی توانستی زمان و کارامەیی ئاخاوتن لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردودا گفتوگۆی گەرمی نێوان زمانەوانان بو، بە تایبەت ئەوانەی کە لەبواری زمانەوانیی کارەکی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی کاریان دەکرد. لەوانەیە لێرەدا شوێنی پێویست نەبێت بۆ باسکردن دەربارەی هەمو ئەو زمانەوانانەی کە قسەیان لەو بارەیەوە کردوە، بەڵام لەسەرەوە هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی کورت و پوخت کرۆکی گفتوگۆکە بخرێتە ڕو. هەروەها ئەو زمانەوانانە باس کراون، کە ڕۆڵی سەرەکییان لەم گفتوگۆیەدا هەبو. میتۆدی پەیوەندیی کارا بەگشتی لەسەر بنەمای توانستی پەیوەندیی کارا دامەزراوە. بەکورتی؛ توانستی زمان بریتییە لە زانیارییە زمانییەکان کە لە مێشکی ئاخێوەردا هەیە. کارامەیی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کە لە مێشکدا هەیە. هەر بۆیە بەگشتی بۆ زانینی توانستی کەسێک پێویست بە تاقیکردنەوەی کارامەیی کەسەکە دەکات، بەڵام مەرج نییە لە هەمو کاتێکدا کارامەیی ڕەنگدانەوەی تەواوی توانستی زمان بێت.

### ٢-١-٢. مەنهەج و مامۆستا و خوێندکار لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا

گفتوگۆ دەربارەی مەنهەجی میتۆدی پەیوەندیی کارا زۆر کراوە. یەکێک لە دیارترین بنەماکان بۆ ڕیزەوانەی ‘syllabus’ میتۆدی پەیوەندیی کارا ویلکینس لە ١٩٧٦ دا پێشنیازی کردووە. ویلکینس مەنهەجی میتۆدی پەیوەندیی کارا لە گروپی مانا-ڕێزمان و گروپی تایبەتمەندییەکانی پەیوەندیکردن کۆ دەکاتەوە. دواتر ئەنجومەنی ئەوروپیی پەیوەندیدار بەو بوارە ئەم مەنهەجەی فراوان کرد و بابەتەکانی فێربونی زمانی بۆ گەنجانی ئەوروپا پوختتر کردەوە (Brumfit, 1986). پوختەکە بەمجۆرە بو؛ مەبەستی فێربون 'بۆ گەشت، بازرگانی یان هەر مەبەستێکی دیکە'، ئەو بابەتانەی کە دەیانەوێت قسەی دەربارە بکەن 'بۆ نمونە، کەسێتی، خوێندن، بازاڕکردن' ئەو حاڵەتانەی کە پێویستیانە زمانی ئامانجی بۆ بەکار بێنن 'ناساندنی شتێک، داواکردنی شتێک، دەبڕینی ڕازیبون یان ڕازینەبون'، بابەتەکانی 'کات، چەندێتی و ماوە'، هەروەها وشە و ڕێزمانیش (Hurst, 1997). بەڵام بە بڕوای زۆرێک لە زمانەوانان مەرج نییە ئەو مەنهەجەی کە بۆ شوێنێک و لە کاتێکی دیاریکراودا گونجاوە، بۆ جێگایەکی دیکەش گونجاو بێت. چونکە تایبەتمەندییەکانی شوێن و کات و خوێندکار دەبێ لە داڕشتنی مەنهەجدا ڕەچاو بکرێن (Yalden, 1986).

شێوازی داڕشتنی بابەتەکانی وانەوتنەوە لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا هەمیشە جێگای مشتومڕی لێکۆڵەران بووە. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا هەوڵەکان بۆ برەودان بەم میتۆدە دەستی پێکرد. سەرەتا بە جیاکردنەوەی بەشەکانی پەرتوکی فێرکردنی زمان بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بەیەکەوە بو. دواتر کارەکانی ویلکینس کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە فێرکردنی زمان دەبێت بۆ تێگەیشتن و دەربڕین بێت، نەک ئەوەی کە خوێندکار لە بنەماکانی زمانی ئامانج تێ بگات و وشە و دەستورە ڕێزمانییەکان بە شێوازە کۆنەکە لەبەر بکات. هەر بۆیە ئەو هەوڵی دەدا زیاتر سیستەمی ماناداری ڕون بکاتەوە، کە میتۆدی پەیوەندیی کارا پشتی پێدەبەستێت (Richards, 1999 & Rodgers,). ئەو دو شێوازی مانای جیاکردەوە؛ یەکەم پۆلی چەمکەکان 'Notional categories' کە پێکدێن لە چەمکەکانی وەک کات، چەندێتی، چۆنیەتی، شوێند...هتد. دووەم پۆلی ئەرکەکانی پەیوەندیی کارا 'Categories of Communicative Function' کە پێکدێن لە نمونەکانی وەک داواکردن، ڕەتکردنەوە، پێشکەشکردن و گازەندەکردن. کە دواتر بیرۆکەکانی خۆی لە پەرتوکێکدا بە ناوی 'Notional Syllabuses' (١٩٧٦) چاپ کرد. ئەمەش کاریگەریی گەورەی هەبو لەسەر گەشەسەندنی میتۆدی پەیوەندیی کارا (Hurst, 1997). بە گوێرەی بۆچونی هۆرست، سەرەڕای ئەوەی نوسینەکەی ویلکینس کاتێکی زۆری بەسەردا ڕۆیشتووە، بەڵام هێشتا بیرۆکەکانی ئەو گرنگیی خۆیان لەدەست نەداوە. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییان تێدا کراوە و بێبەش نەبون لە ڕەخنە (Hurst, 1997).

هەر سەبارەت بە مەنهەجە سەرەتاییەکانی میتۆدی پەیوەندیی کارا ناوی یاڵدەن (Yalden, 1986) و ویدۆوسن زۆر بەرچاو دەکەوێت و ڕۆڵی بەرچاویان هەبو لە داڕشتن و نوێکردنەوەی مەنهەجەکانی خوێندن بە میتۆدی پەیوەندیی کارا (Rodgers, 1999 & Richards).

ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکار لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا جیاوازە بە بەراورد بە میتۆدەکانی دیکە. لەم میتۆدەدا خوێندکار ڕۆڵی تاک نابینێت و زیاتر ڕۆڵی خۆی لە هەماهەنگی لەگەڵ خوێندکارانی هاوڕێی و مامۆستا بەرجەستە دەکات. خوێندکار بە گوێگرتن لە هاوڕێکەی و کارکردنی گروپ فێر دەبێت، نەک ئەوەی کە تیشکی تەواو بخاتە سەر مامۆستا بۆ ئەوەی بابەتەکەی فێر بکات (Richards, 2006). ئەمەش وا دەکات کە خوێندکار ناچار بە خۆئامادەکردن بێت چونکە لەلایەن هاوڕێکەیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. خشتەی ژمارە (٢) نمونەیەکی مەنهەجی فێرکردنی زمانی ئینگلیزییە بە میتۆدی پەیوەندیی کارا کە ڕیچاردز و ساندی لە ١٩٩٨دا خستویانەتە ڕو (Richards, 2006:17). بۆ ئاشنابون بە شێوازی نمونەکە، هەمان نمونەی ئەوان وەرگێڕدراوە و گونجێندراوە لەگەڵ زمانی کوردی:

---

**ئاوەڵناوی پلەی باڵا**

بەگشتی ئاوەڵناوی پلەی باڵا دەکەوێتە پێش ئەو ناوەی، کە سیفەتەکەی پێ دەبەخشێ.

**باشترین** کەس، کە من دەیناسم، بۆبی هاوڕێمە.

**خەمخۆرترین** کەس لە خوێندنگاکەمان، کارگوزارەکەمانە.

هەروەها دەکرێت بکەونە دوای ئەو ناوەی کە وەسفی دەکەن.

لە خێزانەکەی مندا، پورم **خەمخۆرترینە**.
لەناو پرۆفیسۆرەکاندا، د. لۆپێز **کاریگەرترینە**.

زۆرجار لە دوای ئاوەڵناوی پلەی باڵاوە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، پاڕستە دێت.

ئامۆزاکەم ئانیتا، **بەخشەرترین** کەسە کە من تا ئێستا ناسیبێتم.
**نزیکترین** هاوڕێ کە من هەمبووە، ئەو هاوڕێیەمە کە لە خوێندنگای سەرەتایی ناسیومە.

____________________

ا. ئەم ڕستانە بە زانیاری خۆت تەواو بکە، زانیاری زیاتری بۆ زیاد بکە. دواتر، لەگەڵ هاوڕێکەت بەراوردی بکە.
١. یەک لە کاریگەرترین ئەو کەسانەی کە من تا ئێستا ناسیومە ..................
*یەکێک لە کاریگەرترین ئەو کەسانەی کە من تا ئێستا ناسیومە مامۆستای بیرکاریمە. ئەو هانی خوێندکارەکانی دەدا تا بیر بکەنەوە نەک ئەوەی کە تەنها فۆرمولا و یاساکان لەبەر بکەن.*
٢. سەرکەوتوترین کەس کە من دەیناسم ....................
٣. لەناو هەمو ئەو کەسانەی کە من دەیانناسم .............. کەمترین باوەڕبەخۆبونی هەیە.
٤. گەنجترین کەس کە من بە پاڵەوانی دەزانم ..............
٥. خێراترین ئاخێوەر کە من گوێم لێی بوبێت .............
٦. گرنگترین ڕۆڵ کە من لە ژیانمدا هەمبوبێت......................
٧. لەناو هەمو ئەو هاوڕێیانەی کە من هەمن ............. تێگەیشتوترین کەسە.
٨. ئازایانەترین کارێک کە من لەژیانمدا کردبێتم ............

ب. پلەی باڵای ئەم ئاوەڵناوانە بەکاربێنە بۆ پێناسەکردنی ئەو خەڵکانەی دەیانناسیت. لانیکەم پێنج ڕستە بنوسە:
*ئازا ڕاستگۆ سەرنجڕاکێش زیرەک*
*بەخشەر کاریگەر بەبەزەیی قسەخۆش*

ج. کاری پێکەوەیی: ئەو ڕستانە گفتوگۆ بکەن، کە لەتاقیکردنەوەی ئەلف و بێ نوسیوتانە، سود لە شێوازی ئەم پرسیارانە وەربگرن:
ا. دراوسێکەم ئازاترین کەسە، کە من تا ئێستا ناسیبێتم.
ب. ئەو دراوسێیەت چی دەکات؟
ا. ئەو کارمەندی ئاگرکوژێنەوەیە، جارێکیان ئەو منداڵێکی لەناو بینایەکی گڕگرتودا ڕزگار کرد.

---

خشتەی ژمارە ٢: نمونەیەکی ڕیچاردز و ساندی بۆ فێرکردنی زمان بە میتۆدی پەیوەندیی کارا.

ئەگەر خوێندکارەکان پێنج ڕستەکەی یەکەم بە دەنگی بەرز لە پۆلدا بخوێننەوە، ئەمە دەبێتە ڕاهێنانی میکانیکی. تاقیکردنەوەی 'ا' و 'ب'، دەکرێت وەک ڕاهێنانی پڕمانا سەیر بکرێن، بە پشتبەستن بەوەی کە خوێندکارەکان خۆیان ڕستەکانیان تەواوکردوە. تاقیکردنەوەی 'ج' ڕاهێنانێکە لەسەر بنەمای پەیوەندیی کارا بە پشتبەستن بەوەی کە گفتوگۆیەکی کراوەیە.

چەندین ڕاهێنان و چالاکیی دیکەی ناو پۆل هەن. ڕیچاردز (٢٠٠٦) ئەمانەی وەک نمونە هێناوەتەوە؛ چالاکیی تەواوکردنی ئەرک وەک پەزڵ، یاری، تەواوکردنی نەخشە. چالاکیی کۆکردنەوەی زانیاری وەک ڕاپرسیکردن و چاوپێکەوتن لەناو پۆلدا، کە هانی خوێندکار دەدات بۆ بەکارهێنانی زمان. چالاکیی بڵاوکردنەوەی بیرۆکە، کە تێیدا خوێندکار بۆچونی خۆیان بۆ یەکتر دەردەبڕن و گفتوگۆی دەربارە دەکەن. چالاکیی گواستنەوەی زانیاری، لێرەدا خوێندکار زانیارییەکی پێ دەبەخشرێت، کە دەبێت بە جۆرێکی دیکە بە خوێندکاری دووەمی بگەیەنێت. بۆ نمونە کاتێک زانیاریی نرخی دراوێکی بیانییان پێ دەدرێت، خوێندکار لەوانەیە بە ڕێگای خشتە زانیارییەکە بە خوێندکارێکی دیکە بگەیەنێت. خوێندکاری دووەم خشتەکە ببینێت و بە ئاخاوتن بیگەیەنێتەوە بە خوێندکارێکی دیکە. چالاکیی بۆشایی هۆیی، بۆ نمونە کاتێک خوێندکار زانیاری دەربارەی هێڵی میترۆی شارێکی وەردەگرێت و داوای لێ دەکرێت کە لەسەر ئەو بنەمایە کورتترین ڕێگا دیاری بکات بۆ ئەوەی کەسێک لە وێستگەی 'ا' وە بچێت بۆ وێستگەی 'ب'. چالاکیی نمایشکردن و نواندنی ڕۆڵێک، کە تێیدا خوێندکار ڕۆڵێکی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی نمایی‌شی بکات. چالاکیی بۆشایی-زانیاری ’information-gap activity‘، کە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی فێرکردنی زمان، لە ڕێگەیەوە خوێندکار زانیاری کۆ دەکاتەوە و زانیارییە پێویستییەکانی خۆی پڕ دەکاتەوە. دەکرێت ئەم چالاکییە بەمجۆرە بەڕێوە بچێت:

خوێندکارەکان بۆ سەر دو گروپ دابەش دەکرێن. سێتێک دەدرێت بە گروپی یەکەم کە وێنەی کۆمەڵێک خەڵکی تێدایە. سێتی گروپی دووەمیش هاوشێوەیە بەڵام هەندێک جیاوازیی بچوکی هەیە لەگەڵ سێتی گروپی یەکەمدا هەیە. هەر خوێندکارێکی گروپی یەکەم لەگەڵ خوێندکارێکی گروپی دووەم پشت لەیەکتر دەکەن و گفتوگۆ دەربارەی وێنەکەی بەردەستیان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگەیەوە جیاوازییەکان بدۆزنەوە و زانیارییەکانی سەر وێنەکانی خۆیان تەواو بکەن.

چالاکی جیگساو ’Jigsaw activity‘، ئەم چالاکییەش هەر پڕکردنەوەی زانیارییە بە ڕێگای بەکارهێنانی زانیاریی ئەوانی دیکە. بەڵام ڕێگای بەدەستهێنانی جیاوازە لەگەڵ چالاکی یەکەم. بۆ نمونە؛ مامۆستا چیرۆکێک ئامادە دەکات و بە گوێرەی ژمارەی خوێندکارەکانی لە پۆلدا چیرۆکەکە بەش بەش دەکات. هەر بەشێکی چیرۆکەکە دەکەوێتە لای یەکێک لە خوێندکارەکان. ئیتر بۆ ئەوەی خوێندکارەکان بتوانن

تەواوی چیرۆکەکە بەیەکەوە ببەستنەوە، پێویستە گروپێک دروست بکەن و بەیەکەوە گفتوگۆ بکەن. بەمجۆرە دەتوانن بەشە جیاواز و دابڕاوەکان بۆ لای یەکتر بگێڕنەوە.

### ٢-١-٣. بەکارهێنانی میتۆدی پەیوەندیی کارا لە فێرکردنی زمانی کوردیدا

بەگشتی زۆرینەی کتێبە فێرکارییەکانی زمانی کوردی بە پشتبەستن بە میتۆدە تەقلیدییەکان نوسراون، ئیتر ئەمە لە ئاگاییەوە یان لە بێئاگاییەوە بوبێت. مامۆستایانی زمانی کوردیش لە دەیەی ڕابردودا هەوڵیان دا کە لەم میتۆدە سودمەند ببن و ئەمانەش چەند نمونەیەکی فێرکردنی زمانی کوردین بە میتۆدە نوێیەکە:

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، باشترین و گونجاوترین پەرتوکی فێرکردنی زمانی کوردی – زاری کوردیی باکوری وەک زمانی دووەم پەرتوکی 'هینکەر Hînker'ە (Onen; Tan; Aykoç & Varli, 2009) (Tan; Onen, 2011) (Tan; Onen, 2014)، کە لە لایانە ئەنستیتیوی کوردی لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە. هینکەر لە سێ ئاست و سێ پەرتوک پێکهاتووە و لەسەر بنەمای میتۆدی پەیوەندیی کارا ئامادە کراوە. ئەم پەرتوکانە زیاتر لە لایەن خەڵکی کوردەوە بۆ فێربونەوەی کوردی بەکاردێت، کە بە هۆی سیاسەتی قڕکردنی کورد و لەناوبردنی زمانی کوردی لە تورکیا کوردییان لەبیر چووتەوە. لەپاڵ ئەوەشدا، هینکەر توانیویەتی هاوکاری زۆری ئەو خوێندکارانەش بکات، کە کورد نین و ئارەزوی فێربونی زاری کوردیی باکوری دەکەن. هەروەها، هینکەر بووە بە مەنهەجی فێرکردنی زاری کوردیی باکوری لە بابەتی زارەکانی قۆناغی دووەمی بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە (Koya-University, 2018). دەکرێت ئەمەش هەنگاوێکی باش بێت بۆ گۆڕینی شێوازی فێرکردنی زمانی کوردی – زاری کوردیی باکوری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. هەر سەبارەت بە فێرکردنی زاری کوردیی باکور، چەند مامۆستایەکی بەشی کوردیی زانکۆی ماردین پەرتوکی مامۆستایان 'Mamoste' ئامادە کرد و زانکۆکە ئەرکی بڵاوکردنەوەی پەرتوکەکەی لە ئەستۆ گرت (Adak;Aydın; Ergün & Bülbül, 2018). پەرتوکی مامۆستا لە کۆرسەکانی فێرکردنی زمانی کوردی لە زانکۆی ماردین ئارتوکلۆ بەکار دێت.

سەبارەت بە زاری کوردیی ناوەڕاست، سەنتەری هەندرین بۆ زمان و لێکۆڵینەوەی کەلتووری لە زانکۆی سۆران سپۆنسەری کارێکی د. هەڵمەت بایز ڕەسولی کردووە، کە لە سێ پەرتوکی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی ئاخێوەری زمانی کوردی نین پێک هاتووە. ئەم زنجیرەیە پێکدێت لە پەرتوکێکی سەرەکی و دو پەرتوکی پاشکۆ. پەرتوکی پاشکۆی یەکەم بە ناونیشانی 'ڕوونوسی ئەلفبێی کوردی'یە، کەناملیکەیەکە بۆ فێرکردنی شێوازی نوسینی پیتەکانی زمانی کوردی. لەم ناملیکەیەدا، شێوازی نوسینی هەمو پیتەکان ڕونکراوەتەوە (ڕەسول، ٢٠١٨أ). پەرتوکی پاشکۆی دووەمیش دیسان تەرخان کراوە بۆ ئەلفبێی کوردی، بەڵام ئەمجارە لەگەڵ شێوازی نوسینی ئەلفبێ، بەکارهێنانیشیان لە چوارچێوەی وشە و ڕستە ڕون کراوەتەوە و کۆمەڵێک ڕاهێنان هەن. ئەم پەرتوکەیان بە ناوی 'فێربوونی ئەلفبێی کوردی' ناو نراوە. نوسەر لە پێشەکیی پەرتوکەکەیدا ئاماژەی

به پەرتوکی پاشکۆی یەکەم کردووە و وەک تەواوکەری ئەم پەرتوکە ناساندویەتی (ڕەسول، ب٢٠١٨). پەرتوکی سەرەکیی ئەم زنجیرەیە بە ناوی 'بەرەو فێربوونی زمانی کوردی' یە. وەک نوسەر خۆی ئاماژەی پێداوە، پەرتوکەکە کۆکراوەی هەر سێ ئاستی سەرەتایی، مامناوەند، پیشکەوتوی زمانی کوردییە (ڕەسول، پ٢٠١٨). ئەم پرۆگرامەی زانکۆی سۆران لەسەر بنەمای میتۆدی پەیوەندیی کارا ئامادە کراوە.

شاڕێ بۆ فێربوونی زمانی کوردی (حسێن و هاوکارانی، ٢٠١٨)، کە ناوی بەرهەمێکی بەڕێوەبەرێتی سەنتەری زمان و کلتوری زانکۆی سلێمانییە، کە بە هاوکاری بەشی کوردیی کۆلێژی زمان ئامادە کراوە. مەنهەجەکە لە دو پەرتوک پێکدێت بە ناوەکانی 'شاڕێ بۆ فێربوونی زمانی کوردی، پەرتوکی فێرکاری'، 'شاڕێ بۆ فێربوونی زمانی کوردی، پەرتوکی چالاکی'. پەرتوکی یەکەم لە هەشت بەشی سەرەکی پێکدێت. بابەتەکان بە گشتی بریتین لە 'یەکترناسین، پرسیار لە شوێن و ناو، خێزان، کاتژمێر، شوێنە گشتییەکان، وەرزەکان، بابەتەکانی ڕۆژانە و ...هتد.' ئەم مەنهەجەش هاوشێوەی مەنهەجەکەی زانکۆی سۆران بنەماکانی میتۆدی پەیوەندیی کارای پەیڕەو کردووە.

هینکەریی کوردی ناوەندی (خالد، ٢٠١٩) کە خۆی پاشکۆی نامەیەکی دکتۆرایە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی وەک زمانی دووەم لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩دا بڵاو کرایەوە. ئەمەش یەکەم نامەی دکتۆرا بو، کە تایبەت بێت بە فێرکردنی زمانی کوردی وەک زمانی دووەم. هینکەرە نوێیەکە لە لایەن زانکۆی کۆیە و ئەنیستیتیوی کوردی لە ئەستەنبوڵ بە هاوبەشی چاپ کراوە. جیاواز لە پەرتوکە هاوشێوەکان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی – زاری کوردیی ناوەندی، هینکەریی کوردیی ناوەندی لە بازاڕە جیهانییەکانیش بەردەستە و زانکۆکانی دەرەوەش لە کۆرسەکانی فێرکردنی زمانی کوردیدا دەتوانن بەکاری بهێنن و لە ئێستاشدا لە چەندین کۆرسی فێرکردنی زمانی کوردی لە دەرەوەی کوردستان وەک مەنهەجی خوێندن بەکار دێت. هینکەری کوردیی ناوەندی لەسەر بنەماکانی میتۆدی پەیوەندیی کارا داڕێژراوە و ژمارەیەکی بەرچاو ڤیدیۆ و دەنگی تۆمارکراویش لەخۆ دەگرێت، کە لە پەرتوکەکانی پێشتر بەو شێوە فراوانە بەردەست نییە.

### ٢-٢. ناساندنی ئەو میتۆدانەی کە لە سەرەوە باس نەکراون

لە سەرەوە باسی هەمو ئەو میتۆدە نوێیانە کرا، کە لەبواری فێرکردنی زماندا زۆر بەرچاون و بەکارهێنانی فراوانیان هەبووە و هەیە. بەڵام بەهۆی سنورداریی توێژینەوەکە نەتواندرا کە هەمو میتۆدە نوێیەکانی فێرکردنی زمان شی بکرێنەوە. هەر بۆیە بە باش زاندرا کە لێرەدا، بەکورتی تیشک بخرێتە سەر ئەو میتۆدانەی کە بەدرێژی باس نەکراون، کە ئەمانەن؛

ئیمێرشن ‘Immersion’ شێوازێکی دیکەی فێربونی زمانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. لەم میتۆدەدا، خوێندکار بابەتەکانی زمان ناخوێنێت، بەڵکو بە زمانی ئامانج کۆمەڵێک بابەتی دیکە دەخوێنێت. لەم شێوازەدا، خوێندکار ڕادەهێندرێت لەسەر بەکارهێنانی دو زمان، کە مەبەست لێی زمانی دایکی و

زمانی ئامانجە. هەردو زمانەکە لە پۆلدا بەکار دێن. بەکارهێنانی ئیمێرشن و ئامانجەکانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت. لانکەی ئەم شێوازە وڵاتی کەنەدایە کە بەمەبەستی گەشەپێدانی هەردو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە پۆلەکان بەکار دێت(Nikula & Mård-Miettinen, 2014) . هەروەها، لە زۆرێک لە زانکۆکانی کوردستان ئەم شێوازە لە نائاگاییەوە بەکار دێت. زمانی فەرمیی زانکۆکان زمانی کوردییە. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرێک لە بابەتەکان بە کوردی بەردەست نین، بە تایبەت لە فاکەڵتییەکانی پزیشکی، ئەندازیاری و زانستەکان. هەر بۆیە مامۆستا بە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی، یان کوردی و ئینگلیزی وانەکە پێشکەش دەکات. ئەمەش بێگومان هاندەر دەبێت تا خوێندکار شارەزایی لە زمانی ئامانج پەیدا بکات. ئەگەر ئەم شێوازە بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەکاربێت و مامۆستایان ڕابهێندرێن، بێگومان بەرهەمدارتر دەبێت.

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا، میتۆدی لێکسیکی بۆ فێربونی زمان 'The Lexical Syllabus' دەرکەوت. ئەوان پێیان وایە کە بابەتی سەرەکی فێربونی زمان تێگەیشتن و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی فرێزە لێکسیکییەکانە. ئەم میتۆدە کار لەسەر فرێزە زۆر بەکارهاتو و دوبارەبووەکان دەکات. بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین کە فرێز و دەربڕینە زمانییەکان پۆلێن دەکات. ئەو دەربڕینانەی زۆرتر بەکاردێن، زوتر فێری خوێندکار دەکرێن(ELT, 1990) .

میتۆدی فێرکردنی زمان بە هاوکاری کۆمپیتەر 'Computer Assisted Language Learning' یەکێکە لەو میتۆدانەی کە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری دەرکەوت و بە چەندین ناوی جۆر بەجۆر خۆی دەنوێنیت. بەڵام هەمو ناوەکان لە ناوەڕۆکدا هەمان شتن. ناوەڕۆکی ئەم میتۆدە پشت دەبەستێت بە کۆمپیتەر بۆ فێرکردنی زمانی دووەم. ئەوان پێیان وایە کە ئیتر مۆدێلە تەقلیدییەکانی فێرکردنی زمان بەسەرچون و دەکرێت کۆمپیتەر ڕۆڵێکی ناوەندی بگێڕێت (Davies, 2016). لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، مۆبایلە زیرەکەکانیش بە هەمان شێوە بەشێکی ئەم ڕۆڵەیان لە ئەستۆ گرتووە.

هەروەها، میتۆدی خوێندنەوە بۆ فێربونی زمان 'Reading method'، هەر وەک لە ناوەکەیەوە بەدی دەکرێت، پشت دەبەستێت بە خوێندنەوەی چڕ بە زمانی ئامانج. ئەوانەی پاڵپشتی لەم میتۆدە دەکەن پێیان وایە کە خوێندنەوە هاوکارێکی باشە لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا(Foncha, 2014) . کاتێک خوێنەر بابەتەێک دەخوێنێتەوە، ئەگەر لە وشەیەکیش تێ نەگات، بە هاوکاریی تێکستەکە، لە بابەتەکە تێ دەگات. کۆی پرۆسەکەش هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی خوێندکار ئەم وشە نوێیە لە بیر نەکات و دواتر بەکاری بێنێتەوە.

فێرکردنی زمان لەسەر بنەمای ئەرک 'Task-based language learning' یەکێکە لە میتۆدەکانی دیکەی فێرکردنی زمان. لە ڕاستیدا، نزیکیەکی زۆریشی لە میتۆدی پەیوەندیی کارا هەیە و هەندێکجار بە لقێکی ئەم میتۆدە دادەندرێت. ئەم میتۆدە پشت دەبەستێت بە بابەتی مانادار بۆ ئەوەی خوێندکار گفتوگۆی دەربارە بکات (Larsen-Freeman, 2000:144). بۆ نمونە بابەتەکانی سەردانیکردنی دکتۆر،

یان ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕاژەی بەشداربووانی کۆمپانیایەکی دیاریکراو. ئەم میتۆدە لە پێشخستنی توانای خوێندکار بۆ ئاخاوتن و بڕوابەخۆبون میتۆدێکی کاریگەرە.

**ئەنجام**

جەنگی جیهانیی دووەم گۆڕانکاری زۆری بەسەر جیهاندا هێنا، هەم لە ڕوی سیاسییەوە و هەم کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر کۆی کایەکانی دیکەش جێ هێشت. گرنگترین گۆڕانکاریی پەروەردەیی کە دوای جەنگی جیهانیی دووەم دەرکەوت ئەوە بو کە بە ئەندازەیەکی زۆر ڕۆڵی ناوەندێتی لە مامۆستا ستاندەوە و بەخشی بە خوێندکار. هەروەها، تیۆرە دەرونییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆی سیستەمی پەروەردە دەرکەوت. لە گرنگترین ئەو میتۆدانەی کە بۆ فێرکردنی زمانی دووەم دوای جەنگی جیهانیی دووەم دەرکەوتن ئەمانە بون؛ میتۆدی ژینگەی لەبار، میتۆدی کاردانەوە فیزیکییەکان، میتۆدی بێدەنگ، میتۆدی فێربون بە کۆمەڵ و میتۆدی پەیوەندیی کارا. بەڵام میتۆدی پەیوەندیی کارا بۆ فێرکردنی زمانی دووەم لە هەمووان زیاتر جێگەی خۆی کردەوە و تەنانەت زۆرێک لە زمانەوانان وەک ڕێبازێکی فێرکردن سەیری دەکەن، نەک ئەوەی تەنیا میتۆدێک بێت.

زاری کوردیی باکوری لەم بوارەدا پێش زارەکانی دیکە ئەسپی خۆی تاو داوە. هەرچەندە مەنهەجەکانی کوردیی باکوری زیاتر بۆ فێرکردنەوەی کورد بەکار هاتون. لەم چەند ساڵەی ڕابردودا، چەند پەرتوکێکی گرنگی فێرکاریی زمانی کوردی لەلایەن زانکۆکانی سۆران، سلێمانی، کۆیە و ئەنیستیتیوی کوردی لە ئەستەنبوڵ چاپ کراون. لە داهاتودا کاریگەریی ئەم پەرتوکانە بەسەر فێرکردنی زمانی کوردییەوە دەردەکەوێت. هەمو پەرتوکە نوێیەکان لەژێر کاریگەریی میتۆدی پەیوەندیی کارا دان، ئەگەر چی لە ڕوی پێکهاتەوە دەکرێت یەکێکیان لە ئەوەی دیکەیان شیاوتر و گونجاوتر بێت بۆ ئەوەی خوێندکاری ئارەزومەند لە ڕێگەیەوە بتوانێت فێری زمانی کوردی ببێت. هەرچی تایبەتە بە میتۆدەکانی دیکە، مەنهەجی ئەوتۆی کوردی بە گوێرەی ئەم میتۆدانە بەردەست نین. مەنهەجەکانی پێشتر زۆرینەیان بە میتۆدە تەقلیدییەکان نوسراون.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین کە لە ئێستادا پێویستە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی دیکە بنێن، ئەویش بریتییە لە کردنەوەی کۆرسی فێرکردنی زمانی کوردی بە شێوەی وەرزیی بەردەوام و ناچارکردنی ئەو کارمەندانەی خۆیان کە کورد نین، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببن. لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە، دەکرێت ڕێنماییەکان بۆ دامودەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان شۆڕ بکرێتەوە. هەروەها، پێویستە گرنگیی زیاتر بە فێرکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان بدرێت، بە تایبەت زاری کوردیی باکوری. چونکە دابڕانی کوردیی ناوەندی و کوردیی باکوری لەوانەیە لە داهاتودا دابەشبونی زمانی کوردی لێ بکەوێتەوە. بۆ ئەمەش ئەزمونی

زانکۆی کۆیە گرنگە و مەنهەجەکانی فێرکردنی زمانی کوردی وەک زمانی دووەم دەکرێت بەکار بهێندرێن.

## لیستی سەرچاوەکان


حسێن، شیلان عومەر؛ عومەر، شۆخان عەزیز؛ حەمەدئەمین، باخان ئەحمەد؛ حەسەن، ساکار عەبدوڵڵا؛ عەزیز، بێستون عارف & عەلی، بێستون ئەبوبەکر (٢٠١٨) *شارێ بۆ فێربوونی زمانی کوردی* .سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

خالد، هیوا سلام (٢٠١٩) *هینکەری کوردیی ناوەندی.* ئەستەنبوڵ: ئنیستیتیوی کوردی لە ئەستەنبوڵ & زانکۆی کۆیە.

ڕەسول، هەڵمەت بایز (ا٢٠١٨) *ڕوونووسی ئەلفبێی کوردی* .سۆران: زانکۆی سۆران.

ڕەسول، هەڵمەت بایز (ب٢٠١٨) *فێربوونی ئەلفبێی کوردی* .سۆران: زانکۆی سۆران.

ڕەسول، هەڵمەت بایز (پ٢٠١٨) *'بەرەو فێربوونی زمانی کوردی* .سۆران: زانکۆی سۆران.

محي–الدين، إيرتا (٢٠١٦) استخدام الطريقة الإيحائية لترقية مهارة الاستماع في تعليم اللغة العربية. *Jurnal Pendidikan Islam*، ٢*(٢)*، ٣٤٨–٣٧٨.

Adak, Abdurrahman; Aydın, Tahirhan; Ergün, Zülküf & Bülbül, Mikail (2018). *Mamoste1 Fêrkera Kurdî Asta Seretayî.* Mardin: Mardin University.

Asher, James J. (1968). *The Total Physical Response Method for Second Language Learning.* California.

Bancroft, W. Jane (1999). *Suggestopedia and Language Acquisition.* Toronto: University of Toronto.

Brennan, Mary & Brien, David (2000). Silent way. In M. Byram, *Routledge Encyclopedia of Language Teaching and Learning* (:546-548). Taylor & Francis Routledge.

Brumfit, Christopher (1986). Introduction: Communicative Methodology. *The Practice of Communicative Teaching* (:vii-3). Oxford: Pergamon Press in association with British Council.

Canale, Michael & Swain, Merrill (1980). Theoretical Bases of Communicative Approaches to Second Language Teaching and Testing. *Applied Linguistics, 1*(1), 1-47.

Chomsky, Noam (1965). *Aspects of the Theory of Syntax.* Cambridge: THE M.LT. PRES.

Chomsky, Noam (2002). *Syntactic Structures.* Berlin and New York: Mouton De Gruyter.

Cross, John W. (1977). Sign Language And Second-Language Teaching. *Sign Language Studies, 16*, 269-282.

Elt, Collins (1990). *The Lexical Syllabus; Dave Willis.*

Er, Sühendan (2013). Using Total Physical Response Method in Early Childhood Foreign Language Teaching Environments. *3rd World Conference on Learning, Teaching and Educational Leadership – WCLTA 2012* (:1766-1768). Ankara: Procedia - Social and Behavioral Sciences.

Foncha, John Wankah (2014). Reading as a Method of Language Learning among L2/First Additional Language Learners: The Case of English in one High School in Alice. *Mediterranean Journal of Social Sciences, 5*(27), 675-682.

Gattegno, Caleb (1972). *Teaching foreign languages in schools: The silent way (2nd ed.).* New York: Educational Solutions.

Godfroid, Aline; Chin-Hsi, Lin & Catherine, Ryu (2017). Hearing and Seeing Tone Through Color: An Efficacy Study of Web-Based, Multimodal Chinese Tone Perception Training. *Language Learning, 67*(4), 819–857.

Hijazi, Dima & Al-natour, Amal (2012). The Impact Of Using Music On Teaching English Poetry In Jordanian Universities. *Journal of International Education Research, 8*(3), 295-302.

Hurst, Nicolas Robert (1997). Notional syllabuses : twenty one years on. *Revista da faculdade de letras 'linguas e literaturas', 14*(199), 489-504.

Hwang, Wu-Yuin; Shih, Timothy K.; Yeh, Shih-Ching; Chou, Ke-Chien; M, Zhao-Heng & Sommool, Worapot (2014). Recognition-based physical response to facilate EFL learning. *Educational Technology & Society, 17*(4), 432–445.

Hymes, D. (1972). On Communicative Competence. In J. Pride, & a. Holmes, *Sociolinguistics. Selected Readings* (:269-293). Harmondsworth: Penguin.

Jerome, Nyameh (2013). Application of the Maslow's hierarchy of need theory; impacts and implications on organizational culture, human resource and employee's performance. *International Journal of Business and Management Invention, 2*(3), 39-45.

Koya-University. (2018). *Dialectology*. Retrieved from Koya University: https://sites.google.com/a/koyauniversity.org/dia8112/home

La-Forge, Paul G. (1971). Community language learning; a pilot study. *Language Learning, 1*(21), 45-61.

Larsen-Freeman, Diane (2000). *Techniques and Principles in Language Teaching.* Oxford: Oxford University Pres.

Lozanov, Georgi (1978). *Suggestology and outlines of suggestopedia.*

Lyons, John (1977). *Semantics: v.2.* Cambridge : Cambridge University Pres.

Matamoros-González Jessenia A.; Rojas, María Asunción; Romero, Johanna Pizarro; Quiñonez, Sara Vera & Soto, Sandy T .(2017). English Language Teaching Approaches: A Comparison of the Grammar-translation, Audiolingual, Communicative, and Natural Approaches. *Theory and Practice in Language Studies, 7*(11), 965-973.

Mongillo, Gianluigi, Rumpel, Simon & Loewenstein, Yonatan (2017). Intrinsic volatility of synaptic connections — a challengeto the synaptic trace theory of memory. *Current Opinion in Neurobiology*(46), 7-13.

Nikula, Tarja & Mård-Miettinen, Karita (2014). Language learning in immersion and CLIL classrooms. In J.-O. Ostman, & J. Verschueren, *Handbook of Pragmatics.* John Benjamens Publishing Company.

Nurhasanah, Siti (2015). The Use of Community Language Learning Method to Increase the Students' Participation in Classroom Conversation. *REGISTER, 8*(1), 81-98.

Onen, Ronayî & Tan, Samî (2011). *Hînker, asta sêyemîn* (6 ed.). Istanbul: Enstîtuya Kurdî ya Stenbolê.

Onen, Ronayî & Tan, Samî (2014). *Hînker, asta duyemîn* (4 ed.). Istanbul: Enstîtuya Kurdî ya Stenbolê.

Onen, Ronahî; Tan, Samî; Aykoç, Mevlut & Varli, Sadik (2009). *Hînker, asta yekemîn.* Diyarbakir: Enstîtuya Kurdî ya Stenbolê.

Ramirez, Sylvia Z. (1986). The Effects of Suggestopedia in Teaching English Vocabulary to Spanish-Dominant Chicano Third Graders. *The Elementary School Journal, 86*(3), 324-333.

Richards, Jack (2006). *Communicative language teaching today*. New York: Cambridge University Pres.

Richards, Jack & Rodgers, Theodore (1999). *Approaches and Methods in Language Teaching* (15th ed.). Cambridge University Pres.

Savignon, S. J. (1972). *Communicative Competence: An Experiment in Foreign Language.*

Stevick, Earl W. (1974). Reviewed Work(s): Teaching Foreign Languages in Schools: The Silent Way by CalebGattegno. *TESOL Quarterly, 8*(3), 305-314.

Sutherland, Kenton (1978). Reviewed Work(s): Learning Another Language through Actions: The Complete Teacher'sGuidebook by James J. Asher. *TESOL Quarterly, 12*(2), 204-206.

Tamura, Fumiko (1983). The development of community language learning, the silence way and suggestopedia in comparison with other methods. *Trends in Language Methodology in the US*, 13-23.

Yalden, Janice (1986). An Interactive Approach to Syllabus Design: the Frameworks project 1. In C. Brumfit, *The Practice of Communicative Teaching* (:25-41). Oxford: Pergamon Press in association with the British Council.

دانپێدانان:

زۆرینەی ئەم توێژینەوەیە لە نامەی دکتۆراکەی خۆم بە ناوی:
(İkinci dil olarak Kürtçe öğretimi - Fêrkirina zimanê Kurdî wekî zimanê duyem, 2019) وەرگیراوە و دارشتنەوەی بۆ کراوە. چونکە لە کاتی خۆیدا و بەهۆی بارودۆخی باکوری کوردستان لە دوای کودەتاکەی ٢٠١٦ی تورکیا و بەردەوامیدان بە چەوساندنەوەی گەلی کورد لەو وڵاتەدا، ڕێگەم پێ نەدرا نامەی دکتۆرای دووەمم بە کوردی پێشکەش بکەم. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆرساتی دکتۆراکەم بە زمانی کوردی و لە زانکۆی دیجلەی گەورە شاری کوردان 'ئامەد' خوێندبو. هەر لەسەر بابەتی پەیوەندیدار بە سیاسەتی کوردەوە لە دکتۆرایەکی دیکە و دوای تەواوکردنی زۆرینەی داواکارییە زانستییەکان دەرکرابوم. بۆیە بەناچاری تێزەکەم لەساڵی ٢٠١٩ بە تورکی پێشکەش کرد. بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی، لە چەند توێژینەوەیەکی هاوشێوەدا، زانیارییەکانی تێزەکەم دەربارەی فێرکردنی زمانی دووەم بە زمانی شیرینی کوردی بڵاو کردەوە، کە ئەمە یەکێکیانە.